# گـــۆڤــار

## دژی ئەفسانەو دەست بەسەری پاك و خاوێنی




**کۆکراوەیەك لەسەر بابەت و پرۆسیس ومەرامی شاڵاوی " پەتا" و پلانی سەرمایەی جیهانی دژ بە ژیان!**

**گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیست/ پرۆلیتاریای ئینتەرناسونالیست**

**جوڵای 2020**

**ليستەی نووسراوەكان**

- پێشەكی: **تەندروستی و پاكو خاوێنی ئەمڕۆ پرۆسیسی تێكدانی ژیان و بەناموٚكردنی مرۆڤە**
- **سیناروێی پەتا ، پلان و هێرشێكی قوڵ و مێژوویی ڕاستەوخۆی بەهایە دژ بە ژیان و بە مرۆڤایەتی...**
- **دژ ی ئەفسانەو كۆنتڕۆڵی پاك و خاوێنی**
- **ئەم بارەی ئێستا شەری سەرمایەیە دژ بەكۆی مرۆڤایەتی**
- **فەرمانیی نوێ و پەتا(پاندامییك)**
- **دژی تاساندن و زەلیل كردنی مرۆڤایەتی**
- **ئەم تیرۆرە جیهانیەی دەوڵەت ئەمانەی لەخۆگرتووە:**
- **یەكێك لە سەر ئەنجامە دەست بەجێ و ڕاستەوخۆكانی ئەم بارودۆخە...**
- **This is war**



تونس: زیندانی و ڕسواكردن و سەرشۆڕی.. لەڕێی برسی كردن و بڕینی سەرچاوەكانی ژیان تۆڤاندن...

# پێشەکی

**ئەم گۆڤارە تایبەتە، تەرخان کراوە بۆ بەرگری کردن لە ژیان ، ئەمەش لە ڕێی ڕووبەڕووبوونەوەو لێدان لە هێرشی ئەمڕۆی سەرمایەداران بۆ سەر ژیان ، لە ڕێگەی پلانی تەندروستیەوە، بۆ تێکشکاندن و زیاتر زەلیل کردنی ژیان و خوودی مرۆڤ و باڵ ڕاکێشان خۆ قوڵکردنەوەی جیهانی بەها..**

**تەندروستی و پاکو خاوێنی ئەمڕۆ پڕۆسیسی تێکدانی ژیان و بەنامۆکردنی مرۆڤە. ئەم پڕۆسیسە** مرۆڤ لە ژیان و ژیانیش لە مرۆڤ دوور ئەخاتەوە .. ژیان و مرۆڤ لەیەک پڕۆسیسدا تێک ئەشکێنێت... بە تێکشکاندن و گۆڕینی مرۆڤ و بوونی ژیانیش... مرۆڤ نامۆ ئەکات بە بوونی زیندووی خۆیی و بە ژیانی مرۆیی، بوونی زیندووی مرۆڤ و ژیانی مرۆیش ئەکات بە نەخۆشی ، داوو دەرمان، کوتان، دیجیتەڵ و پارە ... ئەم بوونە نەخۆشەی مرۆڤ زاڵ ئەکات بەسەر بوونە زیندووەکەی مرۆڤدا...ئەمەش پڕۆسیسی تێکشکاندنی بوونی مرۆڤ و پەرەسەندنی بوونی سەرمایەیە..

پڕۆسیسەکە خۆی لە خۆیدا سەرکوتکردنی بوونی زیندووی ژیانە و زاڵکردنی پێویستیەکانی بازاڕی بوونەوەی ئەم بوونە نەخۆشە تێکشکاوە پشت بەستوو بە سەرمایەیە بەسەر ژیاندا( ڕۆژانە خەریک بوون بەگەڕان ، بە کڕین و بەکارهێنانی داوو دەرمان و تەداوی کردنەوە). کردنی داو دەرمان بە خواردن و خوارنەوە, و ژیانیش بە بابەتێکی پزیشکی! کردنی ئەم بابەتی پزیشکی یە بە توانای جمووجووڵ و هەڵس و کەوت و پەیوەندی و قسەو باس و چیرۆکی کۆمەڵایەتی بوونەوەی نێوان کەس و کۆڕ و کۆبوونەوەکان. کەسەکان لەگەڵ خۆشیاندا، لەناو بوونە نەخۆشەکەشدا، بەدەم ووڕێنەوە، لەسەر نان خواردن، لە خەودا... بەو بارودۆخە سەرکوت ئەکرێن...

لە ڕێگای کۆنترۆڵ کردنی پارەیی و دیجیتەڵیی و بانق و داوو دەرمان و ئیزن و مۆڵەت دان - نەدان و ڕێنمایی و ئاراستەدان .... ئەم پڕۆسیسی سەرکوتکردن و بە نامۆبوونە هەم خۆی دا ئەکوتێت وە هەم ئەو کۆنترۆڵە ئەباتە پێشەوە.. خۆیی و ئەو کۆنترۆڵەش ئەکات بە سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵ. ئەیکات بە فەرمانێکی بێ ئەم لاو ئەولا. بەشتێک کە نقاشی لەسەر نی یە. بە ئاینێکی تازە و پیرۆزی جیهانی!

جگە لەوەی کە بەبێ ئیزن و مۆڵەت بۆت نی یە جێگۆڕکێ بکەییت. هەر ئێساتا لە زۆر شوێنی جیهاندا ئەگەر بە کەسێک بڵێی ئەوە بۆ دەمامکت لەدەمە، بۆ فڕێی نایەیت، بۆ تەوقە و باوەش یان ماچ ناکەییت، بۆ بەیەکەوە نان ناخۆن ، دانانیشن.... یان دەست لە کەسێکەوە بەییت ... سزاکەی لە جوێندان بە خوا گران ترە. کفرە و شکاندنی یاسایە ، و بە بێ ئەم لاو ئەولا ئەکەوییتە بەر هەم هێرشی ئەوەی کە: ئەوە تەعدام لێ ئەکەییت وزەرەری من و خۆشت ئەوێت، یان ئەمە مافی خۆمە من وا ئەکەم، وە هەم ئەکەویتە بەر هێرشی پۆلیس: ئەوە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر هاووڵاتی و تەندروستی گشتی و بەربەرەکانێی بڕیارەکانی تەندروستی جیهانی و دەوڵەت... . سزاکەشی لە غرامەو چاووترسێن کردن و زیندان و تێهەڵ دان و بۆی هەیە (وەک فیلیپن، ئۆردون....) بە فیشەکیش وەڵام بدرێیتەوە.

**بەرامبەر بەم تێکشکاندن و نامۆکردنەی مرۆڤ: ئەوە بەس نی یە کە بڵێین" ئەمە هەمووی فشەیە".** ئەوە ڕاستە کە " ئەمە هەمووی فشەیە" خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە زەڕب هێنان بەسەر کۆی پڕۆسیسەکەدا. بەڵام کە ئەوە بووترێت و ڕۆژانەش سەر شۆڕکەین و پشت کۆم کەیینەوە بۆ جێبەجێ کردنی ووردەکاریەکانی ئەم پرۆسیسی تێکدان و دەست درێژی و نامۆبوونە، ئەوە فشە نی یە! ئەوە هەر بە ووشە زەڕبمان هیناوە بەسەریا و بە کۆی ژیان خۆمان داوە بەدەستیەوە. لەبەردەمی واقعی ئەم خۆبەدەستەوە دانەدا قسەکردنەکەی ئێمە ئەبێت بە فشە! و پڕۆسیسەکە ئەبێت بە ژیانمان! **ئەبێت بەکردەوەش نیشانی بەیین کە فشەیە، فێڵە، هەڵ خەڵەتاندنە، زوڵمە، زۆرداریە، یاری کردنە بە ژیانمان** و بێ قیمەت کردن و سووک و سۆڵ کردنمانە. ئامادەکردنمانە بۆ چەوساندنەوەو زەلیللی زیاتر و زیاتر.. ئەمەش بە یاخی بوون و بەرپەرچ دانەوەمان. بە ئاشکراکردنی لایەنە

شاراوەکانی، بە دەست نیشانکردنی درۆ و دەلەسەکان، بە بەردەوامی خڕبوونەوەمان لە دەوری یەکتری و لە دەوری ژیان.. .. بە برەودان بە خەباتی کۆمەڵایەتی و ئینتەرناسیونالیستیمان..

بەکورتی **ئەم تیرۆرە جیهانیەی دەوڵەت ئەمانەی لەخۆگرتووە:**

1- کۆکردنەوەی بەرهەم هێنانی ماددی و دەست پێهێنانی، بۆ ئەوەی زیاتر وەکو چەکی کۆنترۆڵ کردنی مرۆڤایەتی بەکاری بێنێ و زیاتر لە دەست مرۆڤایەتی دوورخاتەوەو مرۆڤایەتی تەواو هیلاک بێت بۆ بەدەست هێنانی تام و بۆن و جێگەو پێویستیەکانی تر مانەوە.

2- گسک دان لە دانیشتوانی گۆی زەوی و لە بێژنگ دانیەتی

3- خستنی خەباتی پرۆلیتاریا لەسەر ئاستی جیهانی

4-ووردو خاش کردنی ئەو زەمینە ماددی و کۆمەڵایەتی و مەعنەوەییەی کە پرۆلیتاریا لەسەری هەستابوو وە داگیری کردبوو لەڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگادا

5-دوور خستنەوەی مرۆڤەکان لەیەکتری. دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لە خۆیان. دوور خستنەوەی مرۆڤاکان لە هەستکردن بە مرۆڤایەتی. دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لە پارچەکانی لەشیان. دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لە خۆراک و ئاوو هەوای زیندووی ژیان. ئینجا **هێنانی پارەو تەکنەلۆجیاو داو دەرمان و زانست و ئایدیۆلۆجیا و هێڵکێشەکانی تری سەرمایە بۆ چنینی مرۆڤەکان و پەیوەندیەکانی ژیانیان بە شێوەیەکی زۆر سەردەم لە لایەک و زۆر زەلیل و کۆنترۆڵ کراو لە لایەکی ترەوە**

**6-بەمانەش: ئابووری تۆکمەتر ئەکات، سەرمایە زیاتر تەمەرکوز ئەکات، قازانج بەرز ئەبێتەوە، دەوڵەت بەهێز ئەبێت. پایەکانی ئاشتی کۆمەڵایەتی توندو تۆڵ تر ئەبێت. پرۆلئتاریا لە پەل و پۆ ئەخرێت و شۆڕش دوا ئەخرێت. ئەمەش کۆی سیستەمەکەیە. هەم تێکشکاندنی پرۆلیتاریا،هەم کۆنترۆڵکردنی ژیان، هەم دەست هێنان بە بەرهەم هێنان و بەرهەم هێنانەوەی ماددی دا( بە خوودی پرۆلیتاریاشەوە)، هەم بەرزکردنەوەی ڕێژەی جیهانی و کۆمەڵایەتی چەوساندنەوە، هەم فڕینی قازانج و تەراکومی سەرمایە...**




BBC 03/04 Tunisia deploys police robot on lockdown patrol ..The robot questions people it sees out on the streets

# سیناریۆی پەتا ، پلان و هێرشێکی قوڵ و مێژوویی ڕاستەوخۆی بەهایە دژ بە ژیان و بە مرۆڤایەتی...

ئەمڕۆ بەها هەستاوەو دەست پیشخەری دیکتاتۆریەتی مێژوویی خۆی ئەکات، دژ بە خودی مرۆڤ و بە ژیانی مرۆڤایەتی. ئەم دەستپێشخەریەی بەهایە کە ئەمڕۆ بۆتە فەرمانی گشتی و جیهانی سەرمایەداری، لە ژێر ئاڵای شەڕی تەندروستی و پێویستی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵی جیهانیدا .

سەرمایەداری، لەسەر ئاستی جیهانی و لە هەموو ڕووی سیستەمەکەیەوە، کەوتۆتە خۆکۆکردنەوەی خۆی بە شێوەیەکی ڕێکخراو. بەپلانێکی تەندروستی، سیاسی، ئابووری و سەربازی ...یەوە هەستاوەو دەستی کردووە بە تێکشکاندنی ژیان و بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابووری و بوارەکانی تری کۆمەڵ لەسەریەوە. بەمەش مەبەستێتی کە دەسەڵاتە چەوسێنەرو زۆرداریەکی قوڵتر و تۆکمەتر داکوتێت دژ بە بوونی ژیان و بە مرۆڤایەتی و بە خودی بوونەوەری مرۆڤ خۆشی..

ئەم زۆرداریە " تەندروستیەش"، خۆی قایم کردووە و خۆی زاڵ ئەکات لەژێر دروشم و ئاڵایەکی دوو ڕوویی ئاییینی دا ، کە هیچ پەیوەندیەکی بە بوون و ئامانجی پلانەکە خۆیەوە نی یە، جکە لە حەشاردانی : لە ڕوەیەکەوە بە ناوی پارێزگاری کردنی مرۆڤی نەخۆشەوە، وە لە لاکەی تریشەوە بۆ بەرەو پێش چوون و لە خزمەتی "مرۆڤایەتی" ساغدا. نەخۆش و ساغ بووەنە تە ئاڵایەکی دوو ڕووی ئایینی پڕ بە بەزەییی و پڕ لە سەروەری خواییی . لە لایەک لەژێر ئاڵای تەندروستی و شەڕکردن لەگەڵ "ڤایرۆسی بێ نموونە ی مێژوویی" دا، کە هاتووە و ئەیەوێت مرۆڤایەتی بتووێنیتەوە، لە لایەکی ترەوە لە ژێر ئاڵای "چەکدارکردنی مرۆڤایەتی" بە شێوەیەکی ڕێك و پێکی تەندروستیانە و کۆنترۆڵ کراوی وا کە هەنگاوێک بچێتە پێشەوە، نەک هەر بەرامبەر بەم بە ناو ڤایرۆسە، بەڵکو لە بەرەو پێشچوونی هەموو مرۆڤایەتیەکەی دا.



سەرمایەداری، **بەم ئالا دوو ڕووە ئاینیەوە** ، بە تێکەڵ کردن و داپۆشینی پێویستی و مەرامە زاڵم یەکانی خۆی، بە ناوی " خەباتی تەندروستیانەی مرۆڤایەتیەوە" ، پلانی ڕێکخستنەوەی جیهانی خۆی ئەباتە پێشەوە و هەنگاوەکانی و مەرامەکانی خۆداکوتانی قوڵ تری بە ناخی ژیاندا و دژ بە ژیان ، وە ڕووتانەوەی زیا تر و زیاتری مرۆڤایەتی جێ بەجێ دەکات...

ئەم پلانە، جگە لە داخستنی هاتوو چۆ و **گووشینی** پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی ژیان، **ترس و شڵەژان و نادیاریەکی بێ نموونەییشی هێناوەتە ئاراوە**، کە لە ڕێگەی ئەم تۆقاندن و شڵەژاندنەوە، "کۆمەڵی مرۆڤایەتی" لە پەل و پۆ خستووەو بەمەش دەرگای زاڵمی ئاواڵەکردووە و **مرۆڤایەتی بەبارمتە گرتووەو تێکی ئەشکێنێت**، بۆ بەرەوپێش بردنی پلانی خۆ ڕێکخستنەوە و خۆ پاکردنەوە جیهانیەکەی خۆی.

لەدرێژکردنەوە و تووند و تۆڵ کردنی تۆقاندن و جێبەجیکردنی پلانەکەیدا، بەها، نە خشەی هیواداری ئاسۆیەکی سەرکەوتووی تەندروستیانەی مرۆڤایەتیشمان بە ڕابەرایەتی خۆی نیشان ئەدات. کە تا زیاتر بترسین و بتۆقێین و بەو شیوەیە هەڵسوکەوت بکەیین کە ئەم پلانە، بە گۆڕانکاریە بەردەوامیەکانیەوە، بۆمان دا ئەنێت، ئەوا ئەو ئاسۆیە نزیکتر ئەبێتەوە لێمان. بە پێچەوانەشەوە هەرچیەکی تر بکەیین، ئەوە مەترسی تیاچوونی مرۆڤایەتی زیاتر ئەبێت.

سەرمایە بۆ ئەوەی "مرۆڤایەتی بەبارمتەکراو" ئامادە بکات ، لەم تەکانە مێژووییەدا، ڕۆژانە ووردەکاریەکانی ئەم تۆقاندن و پلانی سەرکەوتنە بە گۆڕانکاری و نا جێگیریەوە ئەخاتە ئیش و ئێمەی لەسەر ڕا ئەهێنێت بۆ دەستدرێژبکرنی زیاتر و زیاتر بۆسەرمان. ئەمەش بە ڕوونی دیارە لە یاسا و دەستوور و ئیجرائاتەکانی چۆنیەتی هاتوو چۆکردنمان و چۆنیەتی کڕینی پێویستیەکانمان و ئیشکردنمان و کۆمەڵایەتی بوونەوەمان ... دا و ڕۆژانە خۆی ئەسەپێنێت بەسەرماندا. بەم **شڵەژان و نا جێکیری ماددی و دەروونیەوە**، بەم لاکەوتوویەوە، ئامادەمان ئەکات بۆ هەموو ئیحتمالاتەکان و دەستپێشخەریەکانی: بۆ **کۆنترۆڵی زیاتر** و زیاتر و زیاتریش. بۆ قوربانی دانی زیاتر، بۆ گونجاندنی زیاتر، بۆ دابڕان و خۆخواردنەوەی زیاتر، بۆ خۆ بەکەم زانینی زیاتر، بۆ چاوەڕوانی زیاتر، بۆ خۆبەدەستەوەدانی زیاتر، بۆ کۆیلایەتی زیاتر، بۆ ئامدەبوون و مل دان بە زاڵمی بەها، بۆ جێ بەجێکردنی مل کەچیانەی ئەوەی کە داوامان لێ ئەکرێت و ئەسەپینرێت بەسەرماندا. وەکو ئەو سەربازانەی بەرەکانی جەنگ کە هەمیشە لە ئینزاردان و چاوەڕێی فەرمانی هێرش بردن یان هێرش کردنە سەرن، ئەم مرۆڤانەش خراونەتە سەر ئاگری شەڕی ڤایرۆس و سەرکەوتنی "تەندروستیانەی مرۆڤایەتی" !! بچووکترین پێداویستی ژیان و هەڵسوکەوتی ژیانیان بەپێی ئەو دوژمنایەتی و سەرکەوتنە ڕێکخراوە. بۆ سەرشۆڕی بێ ئەم لاو ئەولای دوور و درێژمان. **هەمووشی بە ناوی تەندروستی و بەرژەوەندی گشتی و سەرکەوتنی مرۆڤایەتیەوە.** بەڕاستی ئەم فەرمانە لە یەک کاتدا " متڵەق و دادپەروەرو ڕاستکەرەوە و سەرپەرشتیاری گشتی"یە ی بەها لە **جەوهەری خوایەتدا هەیەو زاڵە. خوایە و غەزەبی لە کۆیلەکانی خۆی گرتووە. کۆیلەکان خۆیان ئەم غەزەبەیان بەسەر خۆیاندا هێناوە، چونکە لەو ڕێ و ڕەسمە لایانداوە کە خوا بۆی داناون، بۆیە شایەنی سزادانن و پاکردنەوە و ڕاستکردنەوەن.** لەبەر ئەمە خوا فەرمانی سزادان و ڕاستکردنەوەی بۆ ناردوون. کولفەکەشی لەناوبردن و تێکدان و قوربانی دان و ڕاستکردنەوەی کردەو و خوودی بوونی کۆیلەکان و ژیانیانە، بە سەرشۆڕی و کۆیلایەتیەکی هەرە زیاتر ەوە، بەڵام بە ڕەزامەندێکی بەرزی خوایی (بەهایی ، پارە) وە.

نا جێگیر بوون و دڵەڕاوکێی ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە ، گۆڕینی بێ ووچانی ووردەکاریەکانی خواردن و خەوتن و هەڵس و کەوتەکانمان، بە شێوەیەکی وا ڕێک و پێک بە ڕێوە ئەچێت کە هەم **ڕسوابوون و سەرشۆڕ بوونی مرۆڤایەتی لێ ئەتکێت**، وە هەم هێزی سەرکەوتوو و بە زەبروو زەنگی جیهانی سەرکردایەتی سەرمایە

نیشان ئەدات. مرۆڤەکان هەم سەرشۆڕ و بێ دەنگ و دوور لەیەکتر و "بێ هەست" ڕیزکراون و فەرمانیان پێ دەدرێت، وە هەم بوونەکەیان بچووککراوەتەوە بۆ ڕاددیەک کە لەهەموو شتێکی تر بچووکتر و بێ دەسەڵات ترن . نەک هەر ئەمەش، بەڵکو ئەوەندەش دان بەو بوونە بێ نرخەیاندا ئەنرێت ، لە لایەن زاڵمی و جێبەجێکەرەکانی ئەم پلانەوە، کە نکۆڵی لە بوونی زیندووی خۆیان و هەستەکانیان بکەن لە چوارچێوەی بەرزوو نزمیەکانی پلانەکەدا: ئەمرۆ لەلای راست ڕیز بە..، بەیانی لەلای چەپ! دووبەیانی بەم شێوەیە بجووڵێ...، سێ بەیانی بەم لای ترا وەرە.... چوار بەیانی ئەمە شوێنی تۆیە... و پێنچ بەیانی ئەوە شوێنی تۆ نی یە.... ئەمرۆ هەر ئەمە هەیە بیخۆییت... بەیانی ئەبێت ئەوەش نەخۆییت! بەرامبەر بەم دەستدرێژیە سەربازی و کۆیلایەتیە ئاشکرا و لە کۆتایی نەهاتووەدا، هەست کردن بە سەربەخۆی و سەربەرزی، لەزەت و زەوق و هۆشمەندی ، هەستان بە هەڵسوو کەوتی ناڕەزایی و دەست پێشخەری و دەنگ بەرزکردنەوە و هاتووچۆی بێ ئیجازە... بەتووندی و لە ڕادەبەدەر سزا ئەدرێت.

**دۆزەخێکیان خولقاندووە**، ژیانیان کردۆتە خۆراکی ئەو دۆزەخە. ژیان لەدەرەوەی جێبەجێکردنەکانی ئەم پلانە دۆزەخیەدا بوونی نی یە. هەر **ئەمەشە مەبەست و ئامانجی سەرەتاو کۆتایی ئەم پلانە جیهانیە**. پلانی رێکخستنەوەی ژیان، بەرهەم هێنان، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، هەڵسوکەوتی کەسەکان، توانای دەوڵەت، پەیوەندیە چینایەتیەکان، بڕینی بواری سەربەخۆیی و خۆ دەربڕیین و خۆڕێکخستنە زییندو و کۆمەڵایە تیەکان... هەمووی بە ئاراستەو بەشێوەیەکی وا کە **کۆیلایەتی زیاتری مرۆڤایەتی دروست کات و سەرکەوتنی جیهانی زاڵی سەرمایە بسەپێنێت. قازانج، قازانج ، قازانج! داڕوتاندن، داڕوتاندن، داڕوتاندن! داپڵۆسین ، داپڵۆسین، داپڵۆسین! خەساندن، خەساندن، خەساندن! سەرشۆڕی، سەرشۆڕی، سەرشۆڕی! چەوساندنەوە، چەوساندنەوە، چەوساندنەوە = کۆیلایەتی و کۆیلایەتی زیاتر بۆ مرۆڤایەتی و سەروەری جیهانی بۆ سەرمایەداران!**

لێرەداو بەر لەوەی بکەوینە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە : بۆ چی سەرمایەداری بەناوی سەرکەوتنی تەندروستیانەی مرۆڤایەتی یەوە سەرشۆڕی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی ئەکات؟، ئەبێت ئەوە بە ئاشکراو بێ ئەم لاو ئەو لا بڵێینەوە و بڵێینەوە کە ئەم دەستدرێژیەی سەرمایەداران و سەرشۆڕکردنە کۆمەڵایەتیەی چەوساوەکان **شتێکی چینایەتی، سەرتاپاییی و جیهانیە** . هەموو ناڕەزایەتی و یاخی بوون و بەرپەرچدانەوە کانیش بە ڕوویدا ( جا چەند بچووک و پچڕ پچڕوو و هەڕەمەکی و "ناڕۆشن" یش دەرکەوێت) بریتی یە **لە خەباتی تۆتاڵیتی مرۆڤایەتی، هەم بۆ بەرگری لە خۆکردنی و هەم بۆ خۆ ڕزگارکردنیشی. سەرمایەداری شاڵاوی تیرۆریزمی سەرتاپایی و جیهانی نامرۆڤایەتی دژ بە مرۆڤایەتی ڕاگەیاندووە و ئەیەوێت تا بۆی بکرێت بە ناخی مرۆڤایەتیدا دای کوتێت**. مرۆڤەکان وەکو سەیارە، ئامێر، سەرباز، کۆیلە... ڕێکبخات و بخاتە ئیش. ژیان وەک کاتژمێر بەڕێوە بەرێت. کەی وویستی دایگیرسێنێ و بیکوژێنێتەوە، قورمیش و کۆنترۆلی بکات و ناو بەناوەیش پاش و پێشی بخات... بەمەش هەم دڵنیایی دەسەڵاتی خۆی بەدەست بێنێت، هەم کولفەی بوونی مرۆڤایەتی لەسەر خۆی کەمکاتەوە، هەم گێرەشێوێنی و یاخی بوون لابەرێت، وەهەم پاشەڕۆژی کۆمەڵگاکەشی(دەسەڵاتەکەی) بە سەرکەوتوویی ببینێ، وە هەم زاڵ بێت بەسەر بەرزو نزمی ئاڵوگۆڕی سەرمایە دا و جڵەوی کەڵەکە بوونی سەرمایە تووندو تۆڵتر بکات. هەموو دەست وەشاندن و یاخیبوونێك و خۆڕێک خستنێک دژ بەمە خەباتی ئینتەرناسیونالیستی چەوساوەکانە بۆ ژیان و بۆ مرۆڤایەتی.

با ئێستا بکەوینە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە بۆچی سەرمایەداری بە ناوی مرۆڤایەتیەوە مرۆڤایەتی کردۆتە بارمتەو لەقاڵبی تەندروستی ئەدات؟ وەڵامەکە بە کورتی ئەوەیە کە: بۆ ئەوەی **زاڵ بێت بەسەریا!** بەبارمتەگرتنی مانای ئەوەیە کە نایەوێت **لەدەستی یاخی بێت** و لەقاڵب دانیشی مانای زاڵ بوونیەتی بەسەریا.

کەواتە مرۆڤایەتی هەڕەشەبووە بۆ سەرمایەداری؟دەسەڵاتی سەرمایە کەوتۆتە تەنگەبەریەوە لەبەردەم مرۆڤایەتی دا؟ **ئەمە ڕاستە** ، هەم لەڕووی بابەتی یەوە و هەم لە ڕووی زاتیەوە **وەڵامەکە بەڵێ یە**.
با ئێستا ئەمە ڕوون کەینەوەو باسی ئەم دوو ڕووە بکەیین. بەڵام ئێمە لێرەدا تەنها بەمەبەستی ڕوونکردنەوە بە جیا باسی بابەتی و زاتی وەک دوو لایەن ئەکەیین. لە واقعدا یەک پێکهاتەن، یەک پەیوەندیین و جیاکردنەوەیان بۆ نی یە.

باباسی لایەنی بابەتی بکەیین لە پێشدا:

- سەرمایە لە بەرگری لە خۆکردندا بوو لەبەردەم زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان و پێویستیە زیندووەکانیاندا.. نەك هەر پێویستی بەو ژمارە زۆرە نی یە، بەڵکو توانای ڕێکخستن و سوود لێوەرگرتنیشیانی نی یە.. پێویستیەکانیان و خوودی ژیانی ئەم ژمارە زۆرەش خۆی هەم بەفیڕۆدانی سەرمایەیە، هەم کێشەو ئاژاوەیە، هەم پیسکردنی ژینگەیە و هەم تەنگ هەڵچنینیشە بە دەوڵەت و بە ژیانی چینایەتی بۆرجوازیەت... **سەرمایەداری ووشیارە بە مەو بەدوای چارەدا ئەگەڕێت..**

- بەردەوام بەرهەم هێنان و ئاڵوو گۆڕی ماددی جیهانیی سەرمایە(بەها)ی خستبووە تەنگەنەفەسی دورودرێژەوە.. خولی سەرمایە(بەها)ی تا دەهات درێژترو درێژتر ئەکردەوە، یان تووشی نادیاری ئەکرد.. سەرمادارەکان دوودڵ و دەستەوەستان بوون لەبەردەم خولی نادیاری سەرمایەکانیاندا ( سەیارە، نەوت، ناوماڵ، ئەلکترۆنیک، چەک، جل و بەرگ......) نەک تەنها زێدەبای و قازانچ ( بەهای زیادە)، بەڵکو بوونی گشتی سەرمایە خۆشی( دەست مایەکەشیان) لە ژێر کاریگەری ئەم درێژ بوونەوەو نا دیارو کولفە زیاد بوونەدا ناڵەی ئەهات.. **سەرمایەداری بەدوای چارەوەیە بۆ ئەمەش..**

- بۆ سەرمایەداران بوار و دەست ڕاکێشانی دەرەوە و ناوەوەی گۆی زەوی هەم تا دەهات گرانتر ئەکەوتەوەو هەم تەسکیش ئەبووەوە لەبەردەم لووشەی سەرمایەدا... جگە لەوەش دەستڕاکێشانێکی لەو جۆرە بە بێ هەست کردن بە ئەمان و دەسەڵات لەسەر خودی گۆی زەوی و لەسەر ماڵ و موڵکیان وەک قومارێکی نادیارە بۆ سەرمایە..
سەرمایەداران ئەم **هەستی ئەمانەتەیان ئەوێت و سەرمایە بەروە ناخ ئەچیتە خوارەوە و ڕەگ دا ئەکوتێت...**

- شەڕنانەوە، پراکتیسی تیرۆر و تەقینەوەکان، ئاوو هەوای بەربەرەکانێی ئیمپریالیستی و نەتەوەیی و دینی و رەگەزپەرستیەکان، شاڵاوەکانی تێکدان، دەست وەشاندنە سەربازی و تیرۆریستەیەکانی کە لە ئارادابوون ( یەمەن، سووریا، لیبیا، عێراق، مالی، نایجیریا، زیمبابۆی کۆنگۆ، میان مار، ......) ، جینۆ سایدە پارچە پارچەکان.. بە هەموو زۆرداریە دژ بە مرۆڤایەتیەکەیانەوە ، بەتەنها کافی نەبوون بۆ هەستکردن بە ئارامی سەرمایەداران و ئەو قووڵ بوونەوە جیهانیەی کە سەرمایە ئەیویست. سەرمایەداری نە ئەیتوانی بیکاتە تووندو تیژیەک و هێزیکی سەرتاپایی جیهانی، وە نە ئەشیتوانی بە سەرکەوتوویی لێی دەربازبێت. هەروەها دیاردەکانی کۆڕەوی و بێکاری و کێشەی جێگەو ڕێگاو هاتوو چۆو .... هەمووی زۆر سنوور داربوون لە بەردەم لووشەی جیهانی سەرمایەدا...
سەریەشەیە و تەشەنەکردنیان لە دەستکەوتە بەرزو نزمەکان زیاتر بووا! **سەرمایە بەدوای چارەیەکی سەرتاپای درێژخایانەوەیە ( لە جەوهەردا مەسەلەی پاندامیک درێژکراوەی، یان جێمی دووەمی، خەباتی "دژ بە تیرۆری نیودەوڵەت" یە**. پاندامیک ، وەک تیرۆریزم، هەم جیهانیە، هەم لەهەموو شوێنیکە، هەم دیار نیە، هەم ترسناکە. هەم کۆمەڵ کوژە......

- بەپێی ئەزموون و تێگەیشتنەکانی ڕابردووی پسپۆڕو ڕێنوومایی کەرو دەست ڕۆشتوەکانی بەشە بەتواناکانی سیستەمی سەرمایەداری، **ئەم جۆرەرە بەربەست و کێشە بابەتیانە** ،گەر ئیشی لەسەر نەکرێت و بەسەریا زاڵ بوونی کاتی نەیەت، ئەوا ئەبنە کیشەی چینایەتی و سەرتاپاییی سیستەمەکە.. ئەبێت دەست پێشخەریان بەرامبەر بکرێت بەر لەوەی بتەقنەوە... ئەمە یە مەسەلەی تیرۆریزم و پاندامیک.. بۆ نموونە بەر لە مەسەلەی پاندامیک نەتەوەیەکگرتووەکان،سەرکردەکان، سیاسیەکان، هەڵبژاردنەکان، دیمۆکراسیەت، دین... تڕۆو ڕسوا بوو بوون لەسەر ئاستی جیهانی، لە زۆر شوێن بەرد باران و تف و نەعلەت ئەکران، ئەی ئێستا؟! بەتەواوەتی بووژاونەتەوە! پاندامیک بۆتە ئاوی حەیاتیان!

- .....

سەرمایەداران لەبەردەم ئەم پێویستیە چینایەتیە گشتیەدا: کێشە و لاوازی ، کەم دەست کەوت ، دڵە ڕاوکێ و نا دیاریانەدا، چەقینی دەسەڵات، سەرمایە ... چڕبوونەوە و خۆ تووندو تۆڵکردنەوەی بابەتیانە(مەوزوعیانە)ی سەرمایە ( بەها) و دەسەڵات وەک تاکە ڕێگایەک و زەمانێکی کارییگەر بوو بە **پرۆژەیەکی هۆشیارانە و زاڵمەنەی خۆی سەپێن،** هەم بۆ مانەوەی سەرمایەداری و هەم بۆ کەمکردنەوەی بە فیڕۆدانی سەرمایە( بەها)و هەم بۆ قازانچ( بەهای زیاتر) و دڵنیایی زیاتر و ڕوونتر.. کەم و پووخت(بەس بەشی هەرە زۆری قازانچ) نەک زۆر و بۆر ( و بەشی هەرە کەمی قازانجی پچڕ پچڕ) ، چڕو توومد وتۆڵ نەک بەربڵاوو شل و شێواو!!

ئینجا لە ڕووی زاتیشەوە:

-لە ساڵی 2010 وە **بەربەرەکانێ مرۆڤایەتیەکان بۆ ژیان بەڕووی دەسەڵاتی سەرمایەدا بە جیهاندا بڵاوبۆتەوە...** یاخی بوونەکانی پرۆلیتاریا بۆ ژیان و دژ بە چەوساندنەوە بەسەر ئاستی جیهاندا بڵاو بۆتەوە...

- هاوخەباتی ، دەتپێشخەری بەربڵاوی و کۆمەڵایەتی بوونەوە، ڕێکخراوبوونی **خەباتی پرۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی، دژی چەوساندەوە، زۆرداری، نەبوونی، بێ ژیانی بە گشتی.. لە پەرەسەندن و هۆشیاربوونەوەی مێژوویی و جیهانی دا بوو.**

- **دەسەڵات لە زۆر شوێن خرابووە سەنگەری بەرگریەوە**( نەک هێرش بەر) .بەربەستە دیمۆکراسی و دینی و نەتەوەیی و ئابووری و ئایدیۆلۆجیەکانی تر ..، یان خرابوونە لاوە، وەیان پاڵ پێوەنرابوون بۆ گۆشەی بەرگری کرن، لەبری ئەوەی بتوانن ڕابەرایەتی بکەن. **هێزی ڕابەرایەتی کردنیان لە زۆر شوێن لە شکستدا بوو..** ( یۆنان، تونس، ئێران، تورکیا، بەرازیل، میسر، عێراق، فەڕەنسا، چیلی..... )

**- پەرەسەندنی نەوعی و کەمی ئینتەرناسیونالیستی و کۆمەڵایەتی یاخی بوونەکانی پرۆلیتاریا بۆ ئاستی هەڕەشەکەری ڕاستەو خۆ بۆ سەر کۆمەڵگای خاوەندارێتی و چینایەتی...**

- دیاردەکانی " بێ ڕابەرایەتی"، " بێ داواکاری" ، " بێ سنووری"، " بێ تاکە ڕێکخراوەییی"... کە خرابوونە پاڵ ئەم خەباتە ئینتەرناسیونالیستیانەی پرۆلیتاریاوە، **هەمووی دووپاتی توانای کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئاراستەی تۆتاڵیتی ئەم خەباتانە ئەکاتەوە کە لە سەنگەری ڕاستەوخۆدابوو بەڕووی هەموو سیستەمی مێژوویی چەوساندنەوەدا...: " هەمووتان .. واتە هەمووتان"..” نە ئیش و نە دەوام هەتا سەرنگومکردنی نیزام"،” بڕوخێت ئۆلیگارکی فەرمان ڕەوا”،” هەمووتان دزن”.. ...**

- لە دەساڵی ڕابردوودا **کردەوە دیکتاتۆریەکانی پڕۆلیتاریا**: کۆڵ نەدان، بەردەوامی، خۆڕێکخستن، داگیرکردن، هێرش، سوتاندن، بەخۆڕاییی، هاوکاری، بەرپێگرتن، داخستن، نقاش و بەرەوپێش چوونی پڕۆگرامی... نەک هەر **سۆشیال دیمۆکراتی جیهانی هێنابووە سەر چۆک**، سیاسەتی بەگشتی ڕسوا کردبوو، ئابووری سیاسی دابووە بە زەویدا، **دەوڵەت و دام و دەزگاکانی خستبووە سەنگەری بەرگریەوە و هەڕەشەی لە جێگیری جیهانی سیستەمی سەرمایە ئەکرد** ( فەڕەنسا، هۆنگ کۆنگ، لوبنان، عێراق، ئێران، شیلی...)، بەڵکو بە **فعلیش دەستی گەیشتبووە یەخەو ماڵ و مووڵکی بۆرجوازیەکان**. بواری هاتوو چۆ و سەلامەتی و سەیران و کۆڕ و کۆبوونەوەیانی بەرتەسک کردبوونەوە. ناوەندە بەناو بانگەکانی پایتەختەکانی لە خێزانەکانیان بڕیبوون. **لەبواری کۆمەڵایەتی و هەستی زاڵی چینایەتی دابوون**. ئەم پەرەسەندنەی خەباتی پڕۆلیتاریا تەنگی بە ژیان و دەسەڵاتی بۆرجوازیەتی جیهانی هەڵ چنی بوو وە تا دەهات زیاتریش ئەڕۆی . بە پلانی چیهانی بڵاوبوونەوەو کۆنتڕۆڵکردنی پەتا ئەم هەڕەشە چینایەتیە ڕاگیرا و پاشەکشەی پێکرا. نەک هەر ئەم پلانە دەوڵەت و سیاسەت و ئابووری سیاسی و سۆشیال دیمۆکراتی هەستانەوە و ژیانی کردەوە بە بەریاندا. نەک هەر یەخەی بۆرجوازیەتی لە دەست پڕۆلیتاریا نەجات دا . بەڵکو هەموو مەسافەکانی نێوان بۆرجوازیەت و پڕۆلیتاریای زیاد کرد. پڕۆلیتاریاکانی لە هێزی چینایەتی و هاوکاری و داگیرکردن و بەرەوپێش چوون دوورخستەوە. بەڵکو یەخەی پڕۆلیتاریاشی دایەوە دەست بۆرجوازیەت. قامچی و داو دەرمان و پارەو هێزیشی خستەوە خزمەتی چینی بۆررجوازیەت، بۆ هەستکردن بە خۆی و بۆ بەهێزکردنەوەی کۆیلایەتی و تووندکردنەوەی کۆمەڵگای چەوساندنەوە. ...

-.....

با ئەوەش ئاشکرا کەیین کە چ لە ئێستاو وچ لە داهاتووشدا ، ئەوە هیچ جێی گرنگی نی یە کە حکومەتەکان چەند پارەیان "خەرج" کردووە و چەندیی تریش "خەرج" ئەکەن، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پلانەی بە ناو ڤایرۆس کوشتنەدا.. چوونکە هەم هەموو ئەم پارە و خەرجیە بۆتە قەر ز و قۆڵە لەسەر کۆمەڵی "مرۆڤایەتی" ( کۆمەڵی کۆیلایەتی) و دانەوەی بەزیادەوە بۆتە واجبێکی پیرۆزی دەساڵی داهاتووی کۆمەڵگای جیهانی، کە تیایدا هیچ کۆیلەیەک لەم قەرزدانەوە لە کۆتایی نەهاتووە دەرباز نابێت. وە هەم **بەشی هەرەزۆری ئەو پارەیە لە دەساو دەسی خۆیان دەرنەچووە. بە قەرز لەسەر کۆمەڵ(مرۆڤایەتی بە بارمتەگیراو)** نووسراوە، و دانەوەشی بە دەقات( قازانجی داهاتووش) کراوە بە یاساو فەرزێکی دینی لەسەر هەموو کۆیلەکان، وە بە دەستکەوت وقازانچ لە لای خۆیان و لە بانقەکانیاندانووسراوەو کەڵەکەکراوە. هەروەها **ئەم بارە گرانە** بۆتە **چەکوشێک بۆ ڕوتانەوەی زیاتر** و سەپاندنی زەریبەو باجی زیاتر بۆ چەندیین ساڵی داهاتوو کە دێت.

بەنیسبەت سەرمایەوە، ئەمە ئیستسمارکردنێکی بەدەستکەوتی ڕاستەوخۆ و هەرە بەرزی درێژ خایانە لە تەندروستی و پاکردنەوە و ئامادەکردنی گۆی زەوییی و کۆمەڵگای "مرۆڤ"دا: لە" بارێکی نەخۆشەوە بۆ بارێکی تەندروستی" ( ڕاستییەکەی بە پێچەوانەوەیە: کردنی مرۆڤە ساغەکانە بە نەخۆش)، لە بشێویەوە بۆ ئارامی، لە یاخی بوونەوە بۆ سەرشۆڕی، لە پەرش و بڵاویەوە بۆ کۆنتڕۆڵ، لە زۆرەوە بۆ کەم... هەمووشی بە بەژەوەندی درێژخایانی سەرمایەو دەوڵەت و زاڵبوونی کۆمەڵی پارەدا( بەها لە لووتکەکەیدا) . **ئەمە سەرکەوتنی جیهانیە بۆ سەرمایە نەک ئەزمەی جیهانی .**

ئەوەش هەر جێی گرنگی نی یە کە چەند زوو یان درەنگ بەشەکانی ئابووری و هاتوو چۆ و ئیش و خوێندن ئەکەنەوە...چەند "خەرجی" بە قەرز و بە کرێ ئەدەن بە کرێکاران و بێ کاران بۆ ئەوەی بشێوی نەنێنەوە. یان پلانەکە تێک نەدەن...

**ئەوەی گرنکە ئەوەیە کە سەرمایەی جیهانی پلانە نامرۆڤایەتیەکەی لەسەر ئاستی جیهان تا نیوە داکوتییوە بە سەر مرۆڤایەتی و ژیاندا . ڕۆژانەش خەریکی ووردە ووردەی زیاتر داکوتینیەتی.. خەریکی ئەوەشە کە بەپێی پێویست جێمی دووەم و سێ یەم و چوارەمی ئەم یاریە زۆرە ملێ یە بسەپێنێت.**


**ئەم پلانە زۆرە ملێی یە سنووری نی یەو هەرگیز بە وویستی سەرمایەو دەوڵەت کۆتایی نایەت، تا زیاتر قبووڵ بکەیین ئەوان زیاتر دای ئەکوتتن لە ناخماندا، تەنیا بە بەریەچدانەوەی ئێمە کۆتایی دێت.** وەکو هەموو زۆرداریەکانی تری سەرمایە خۆی بۆ خۆی ناگاتە کۆتاییی. ئەبێت ئێمە بیقرتێنین. ئێمە بڵێین" ئیتر بەسە". ئێمە بڵێین " نا ئەوەمان ناوێت". ئێمە بڵێین " بەسە سەر شۆڕی". ئێمە بڵێین " شۆڕش واتە شۆڕش"!

**ئەم هێرشی بەناو تەندروستیە کۆمەڵگای کردۆتە خەستەخانەو دەزگایەکی ئاسایشی بەرفراوان**. ڕۆژانەش تا دێت **زیاتر دەست درێژی ئەکاتە سەر ژیان و ژیان تێک ئەدات. هۆشیاری مرۆڤەکان و هێزی و زەوقی زیندوویان بەرەو داماوی و بێ دەسەلاتی و شێت بوون پاڵ پێوە ئەنێت**. تاکە ئامانجێکیش کە هەی بێت و بەلایەوە مەبەست بێت سەر شۆڕکردنی مرۆڤەکان و لە قاڵبدانی ژیانیانە. ئەو دەزگایانەی کە ڕاستەو خۆ بەرهەمی ئەم شاڵاوە کۆ ئەکەنەوە، بانقەکانن، پۆلیس و سوپایە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، خاوەن کۆگاو کۆمپانیاکانن، بازرگانەکانن، پیاوە دینی و ڕێکخراوە خێرخوازیەکانن .. ئەم پلانە هەمووومانی کردۆتە نەخۆش و قابیل بوون بەوەی کە لەهەموو ساتێکدا ببینە نەخۆش و هۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی . بەمەش هەقی سەد لەسەدی داوە بەو دەستدرێژی کردنەی کە بەها و دەوڵەت ئەیکاتە سەرمان و سەر ژیانمان. بەو پێشێل کردنەی کە بەسەرماندا ئەیسەپینێت و بەو تەداوی و سزادانە بێ کۆتاییەشمان کە پێی هەڵ ئەسێت....

تۆ لەوە گەڕێ کە بەم پلانە بەها لغاوی کردۆتە دەم و لووتی هەمووومان و هەمووومانی بە پەڕۆ و نایلۆن داپۆشیوەو لە هەستەکانی خۆمان و لە هەستی یەکتریشی جیاکروویینەتەوە. لەوەش گەڕێ کە" کرێکارانی تەندروستی" و ئەوانەی تر کە ناوی "کرێکاری زەروری" لێ ناوون، کردۆتە ئالە و داردەست و بە هەموو لایەکدا هەڵیان ئەسوڕینیت و ئیشی پۆلیسی و سەبازیشیان پێ ئەکات، ئەمە لەسەر و ئیشەکانی خۆیانەوە، و ئەفسانەی پاڵەوانیشی بۆ دروستکردوون لەسەر ئاستی کۆمەڵ ( وەکو ستالین و دروشمە کرێکار چیەکانی ستالینیستەکان)، نقە شیان لێوە بێت لە وەهمی پاڵەوانی ئەخرێنە خوارەوەو وەک ئێمە سزا ئەدرێن و ئەبن بە بەتاڵە... هەروەها با ئەوانەی کە پێشتریش باسمان کردوون لەسەر ئەم هێرشە لەو لاوە بووەستێت. بەڵام ئەم شاڵاوە لەلایەکەوە نموونەی نی یە لە ڕابردووی جیهانی سەرمایەدا و لە لایەکی تریشەوە هەر زیاتر بە ناخاچوون و دەستدرێژی زیاتری ئەو دیکتاتۆریەتەی بەهایە کە چەندینساڵە ڕەگی لە ناو مرۆڤەکاندا ( هاووڵاتیەکاندا) داکوتییوە. با باسی بیست ساڵی ڕابردوو بکەیین کە چۆن پشت بەستن بە هەموو جۆرەکانی داوو دەرمان، پڕوپاگەندە و ئامێرەکانی وەرزش ، لەش جوانی ، پێوانەکانی خواردن و خەوتن و خۆشی و لەزەت و زەوق... کارتە هەمە جۆرەکانی پەیوەستی و ئەندامی ... ئەمانەو دەیانی تر، هەمووی دەستدرێژیەکی بەردەوامی بەها بووە دژ بە بوونی ئۆرگانیکی مرۆڤ و ژیان. تێکشکاندنی ئەو بوونە ئۆرگانیکیە زیندووە بوو ، بۆخۆشکردنی زەمینەی دەستدرێژی زیاتر و زیاتری بەها بۆ ناو ناخ و پێویستیەکانی مرۆڤ. ئەمڕۆش **هەر ئەم هێرشە یەو هەر تەکانێکی بەهێزی هەمان پڕۆسیسە لە ناو ناخی ژیان و مرۆڤ دا**. هەر نامرۆڤایەتی بەهایە لە دەستدرێژی کردن و تێکدانی زیاتردا. ئەو کەس و دەستانەشی کە چەندین ساڵە بەها وەک ئامێر هەڵیان ئەلسوڕێنێت و لە ئۆرگانیکی ژیان دووری خستوونەتەوە، لە ڕێی بەهاوە و وەک ئامێر تامی بەهایی خۆیان ئەکەن و هەستی بەهایی بە بوونە نامۆییەکەیان دەکەن، **ئەمڕۆ ش هەر ئەمانەن کە وەکو تووتی پڕۆپاگەندەکانی دەوڵەت ئەڵێنەوە**. کە بە مل کەچیەوە لەگەڵ دەستدرێژیەکانی دەوڵەتدا ئەڕۆن. تیایانەیە کە خۆشی کردووە بە تاقی گاو بە گاردی کۆماری، هەشیانە لەو

باوەڕەدایە کە دەرزی و داهینانی پزیشکی تاکە چارەیەکە، تیاشیانایە کە بە کەمکردنەوەی مرۆڤەکان، پاکردنەوەی ژینگە  و زیاتر باڵ ڕاکێشانی بەها ڕازیە و بە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیشی ئەزانێ...  **بەهەمووشیان پشتیان کردۆتە ژیان و خەباتی مرۆڤایەتی دژ بە بەها...**

**بڕوخێت سیناروێ و پڕوپاگەندەو دیکتاتۆریەتی پەتای دژ بە ژیان**
**بڕوخێت چەوساندنەوەو نامرۆڤایەتی بەهەموو دیاردەکانیەوە**
**بژی ژیان، بژی  خەباتی مرۆڤایەتی دژ بە چەوساندنەوە**
**بەرەو خۆڕێکخستن و یاخی بوونی زیاتر و زیاتر**
**بەرەو خەباتی ئینتەرناسیونالیستی**




Israeli spyware firm pitches to be Covid-19 saviour       BBC  2 April 2020
A controversial Israeli cyber-security company is marketing software that uses mobile phone data to monitor and predict the spread of the coronavirus.  NSO Group says it is in talks with governments around the world, and claims some are already testing it

# داینامێکی تری ئەم شاڵاوە جیهانیەی دەوڵەت

داینامێکی تری ئەم شاڵاوە جیهانیەی دەوڵەت ئەوەیە کە دەستەو یەخەی پڕۆلیتاریا لە ژیان و مەکانەو هەیبەت و بەرژەوەندی بۆرجوازیەت دوور خاتەوە. بۆرجوازیەت ڕزگارکات لە شەڕی ڕۆژانەو بەربڵاوی پڕۆلیتاریا. نەک هەر نەجاتی بات لە تەنگەنەریە چینایەتیەکەی، بەڵکو بەرژوەندی و مەکانەو هەیبەتی تووندو تۆڵ کاتەوە و شانازی و هێزی باتێ. لە بری دڵە ڕاوکێ و ترسی ڕۆژانە بیکاتەوە خاوەنی قامچی و سنگ دەرپەڕان و زاڵ .. ئەمەش بە ڕسواکردن و پەرتو بڵاو پێکردن و برسی کردن و چەک کردن و سزادان و کۆیلایەتی کرنی زیاتری پڕۆلیتاریا. بە بەردێک دوو چۆلەکە ئەپێکێت! بە یەک پڕۆسیس ئیش لەسەر دوو بوونی چینایەتی ئەکات، دوو بەرژەوەندی جیهانی تاوو توێ ئەکات! لە دەساڵی ڕابردوودا و لە زۆر شوێنی گرنگی تەمەرکوزی ناوچەیی و جیهانی سەرمایە : پاریس، هۆنک کۆنگ، هاییتی، بەغداد، بیروت، جەزائیر، ناوچەکانی ئەمەریکای لاتیین ... پڕۆلیتاریا نەک هەر دەستی گەیشتبووە یەخەی بۆرجوازیەت، کردبووەیە کونەوە، هاتۆچۆی تەسک کردبۆوە، پێی لە دامەزراوەکانی ( پارلەمان، بازاڕ، میناکان، فڕۆکەخانەکان، کۆگاکان، شەقامەکان...) نابوو، ژیانی خستبووە مەترسی یەوە ، مەکانە چینایەتیەکەی سووک کردبوو، بەڵکو کۆڵیشی نە ئەدا و زیاتریش تەکانی لێ ئەدا. ئەمەش تا دەهات بۆرجوازیەتی شل و شۆق تر ئەکرد دەسەڵاتەکەی ئەخستە مەترسیەوە . دەوڵەتی لاواز ئەکرد لە هەموو ڕوەکانەوە و قازانی جیهانی سەرمایەی کەم ئەکردەوە. ئەم شاڵاوەی جیهانیەی سەرمایە، تووند و تۆڵ کردنەوەی دەوڵەتە، سەرخستنەوەی جیهانی بۆرجوازیەتە. تەمەرکوزکردنی زیاتری دەسەڵاتی تەکنۆلۆجیاو پارەیە. ڕامالینی جیهانی پڕۆلیتاریایە. زەمینە خۆشکردنە بۆ تەمەرکوزی کۆیلایەتی و بەرزکردنەوەی قازانجی جیهانی لە گەڵیا. لە سێ مانگی رابردوودا ئەم پڕۆسیسە لە سەر ئاستی جیهانی خۆی دا ئەکوتێ و نموونەکانی بە ئاسانی لە چین و فەڕەنسا و لوبنان و عێراق و شیلی و جەزائیر ئەبینرێت. بەیەک جار و بەبێ" تەقە" دەوڵەت ئەوەی کرد کە بە چەك بۆی نەکرا. بەیەک جار ، لە هەموو جیهاندا، بە تەنسیق، بە مەرکەزیەت، ئەو هەنگاوەی نا کە پێشتر بە ناوچەیش دوودڵ بوو لە کردنی و لە توانایدا نەبوو بیکات. پڕۆلیتاریا جارێکی تر بە ئاسانی نە ئەو مەکانە و هێزەی بە دەست دێنێتەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر خاوەنی بووا ، وە نە چی تر ئەو هێزو مەکانەیەش بەو ئاستەی رابردوو دادی شەڕەکانی لەگەڵ مەرکەزی بوونەوەی جیهانی دەوڵەت ئەدات. **شەڕی جیهانی نێوان سەرمایەو ژیان بۆ پڕۆلیتاریا چۆتە ئاستێکی قورس ترەوە و بۆ سەرمایە ئاسانتر بووە!!** . بە گشتی سەرمایە لە هەموو ڕوەکانەوە بۆ سەرەو ەو بۆ پێشەوەو پڕۆلیتاریا و ژیان لە هەموو ڕوەکانەوە بۆ ژێرەوەو بۆ خوارەوە. ئەمەش شەڕەکان و خۆ ڕێکخستن و هەنگاوەکانی خەبات تا بێت قورستر و خەستر و خوێناوی تر ئەکات.

# دژ ی ئەفسانەو کۆنتڕۆڵی پاك و خاوێنی

**ئەم پڕۆگرامی  پاک و تەمیزیەی کە ئەمڕۆ  سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە  بەشێکە لە شەڕی خستن و تێکشکاندنی مرۆڤایەتی ،نەک بە پێچەوانەوە .**

**پاک و تەمیزی و تەندروستی لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا مانای چی یە؟**
**بۆچی کۆنتڕۆڵ کردنی هەناسەدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بۆتە ئەرکێکی یاسایی جیهانی؟**
**بۆچی ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی  سیستەمی بەزۆر تەندرووستی و پاک وتەمیزی و کۆنتڕۆڵ کردنی هەناسەدانی  کۆمەڵایەتی بە زەبرو زەنگەوە سەپاندووە بەسەر مرۆڤایەتی دا؟**

تەندروستی و پاک و تەمیزی  لەم سەردەمەدا مانای ئەو  تەندروستی و **پاک تەمیزیە نی یە کە مرۆڤایەتی پێویستیەتی بۆ ژیان**. مانای بوون و توانای سروشتی مرۆڤەکان نی یە لە خاوێنکردنەوەی خۆیان و زیندووی بوونەکەیان و  خۆشکردنی ئاوو هەوای ژیانیاندا . **نەخێر  زۆر بە پێچەوانەوە**، ئەم شاڵاوە تەندروستی و پاکسازی و کۆنتڕۆڵ کردنەی هەناسەدانی کۆمەڵایەتی ، کە لە سەرەتای  2020دا لە چینەوە دەستی پێکرد وو باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە ،  بە کیمیاوی شوشتنی مرۆڤایەتی یە ! کیمیاوی باران کردنی ژیانە! ڕاهێنانی بەترس و بە زۆر و سەرشۆرانەی مرۆڤەکانە!  بەشێکە لە ڕێ و ڕەسمی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆنتڕۆڵکراوی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی. کۆنترۆڵ کردنی ئێستاو داهاتووی  مرۆڤایەتی یە ، بە پلانێکی جیهانی دیاری کراویی تایبەتی و دوور و درێژ...

**پلانی تەندروستی و پاک وتەمیزی** و چۆنیەتی هەناسەدانی کۆمەڵایەتی، هەر **پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆجی کاتی و سادە نی یە** کە بەدەم زەمەنەوە نەمێنێت و ژیان بچێتەوە دۆخی پێشتر. **نەخێر** ،  ئەمە پێکهاتەیەکی بە ئەنقەست و هۆشیارانە داڕێژراوی  بەکردەوەی  سیستەمی داپڵۆسین و بەڕێوەبردنی جیهانیە:  بۆ زیاتر دەست بەسەراگرتن و بەکارهێنای مرۆڤایەتی. بۆ زیاتر دەستکاری کردن و کۆنتڕۆڵ کردنی ژیان. ئەمە **فەرمانی بەها و خاوەندارانی بەهایە و بە ناخی مرۆڤایەتی دا ئەچێتە خوارەوە**و خۆی دائەکوتێت. چەوساوەکان  "خاوێن" ئەکاتەوە"  لە ژیان و لە خەبات و  زیاتر و زیاتر خۆی ئەکات بە ژیانی مرۆڤەکان،  و ژیان و مرۆڤەکانیش ئەکات بە خۆی!  سەرمایە یەو بڕیار ی دیکتاتۆریانەی بەردەوامی و زاڵیەتی خۆ ی ئەدات، تەکان ئەدات،  تاوو توێی ئەوە ئەکات کە چی لە گەڵ خۆیدا بەرێتە پێشەوەو چیش تێک بشکێنێت و ڕای ماڵێت. چی بەهێز بکات و دای کوتێت و چیش بخاتە لاوە و پێشێلی بکات. ئەمە بەبوونی مرۆڤاکان و چالاکیەکانیان و بوونە کۆمەڵایەتیە کانیان و بوارەکانی هەڵس و کەوت و ژیانی مرۆڤایەیشەوە.

ئێمە لێرەدا تەنیا مەبەستمان ئەوە نی یە کە چۆن دامەزراوە تەندروستی و کیمیاوی و تاقی گا و دەرمانخانە جیهانیەکان، بانقەکانی هاوبەشیان، پێشنیار و فەرمانی تەندروستی و  پاکوخاوێنی کۆمەڵایەتی ئەخەنە بەردەم ڕێکخراوی تەندروستی نێو دەوڵەتیی و حکومەتەکانەوە  کە  بیکەنە ڕێو ڕەسمێکی شارستانی نێو دەوڵەتی و بیسەپێنن لە جیهاندا...

باسی ئەوەش ناکەیین کە چۆن **ئەم ڕێو ڕەسمە شارستانیە سەپێنراوە** بەشێکی گەورەی کرێ و داهاتی خانەوادەییی چەوساوەکان لەسەر ئاستی جیهانی لە ووزەی ژیان ئەگرێتەوەو  ئەیبات بۆ قازانچ و دەسکەوتی

خۆی، ئەمەش لە ڕێی سەپاندنی کڕین و بەکارهێنانی کاڵاکانی پەیوەست بە کۆنتڕۆڵی تەندروستی و پاکوتەمیزی و ڕێو ڕەسمەکانی هاتووچۆو فەرەزیاتە ڕەسمیەکانەوە.. .
باسی ئەوەش ناکەیین کە چەند ڕووتانەوە لە پرۆلیتاریا ئەکرێت لەم ڕێگەیەوەو چەند قازانج ئەچێتە گیرفانی ئەو سەرمایەدارانەی کە هاوبەشن لەئامادەکردن و کڕین و فرۆشتنی ،نەک هەر بە ناو پێویستیەکانی تەندروستی و پاکو تەمیزی ، بەڵکو لە سەرتاپای پرۆسیسی خۆ توووند کردنەوەو خۆ ئەلکترۆنیک کردن و کۆنتڕۆڵ کردنی هەڵسوڕانی بەهادا... ئەوە هیچ گومانی تیا نی یە کە ئەمانە و سەدەها لە ووردەکاریەکانی تر هێرشی ڕاستەوخۆی دزینی ژیان و قازانج کردنی سەرمایەیە و ڕووتاندنەوەو چەوساندنەوەی زیاتر و زیاتری چەوساوەکانی جیهانە.

نەخێر، ئێمە لێرەدا ئەمانەوێت باسی ئەوە بکەیین کەچۆن **خودی تەندروستی و پاکوتەمیزیەکە، خودی دەستگرتن بەسەر هەناسەدانی کۆمەڵایەتی دا، خۆی لە خۆی دا لێدانە لە بوون و تەندروستی مرۆڤەکان و لە سروشتی کۆمەڵایەتی و ئۆرگانیکی ژیان. خودی پاکوتەمیزیەکە خۆی هێرش و هەڵپەی بەهایە بۆ سەر مرۆڤایەتی و دژ بە ژیان.** ئەم تەندروستی و پاک و تەمیز یە هەڵبەستراوو فەرزکراوە خۆی **کوشتنی توانای پاک وتەمیزی کۆمەڵایەتی و ئۆرگانیکی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان خۆیانە**، و گۆڕینیەتی بە تەندروستی و پاکوتەمیزیەکی نا ئۆرگانیکی کیمیاوی وا کە **کوشتی ژیان تیایدا سەرچاوەی تەندروستی و پاکو تەمیزیەکە یەتی**. کە کەسەکان **لە ناسروشتی و نا ئۆرگانیکی و نا تەندروستیدا پاکوتەمیزن ، نەک بە پێچەوانەوە، نەک لە ژیاندا.** کە ئەمەش دەروازەیەکی پان و بەرینی ژیان/ناژیان ی ئاواڵەکردووە بۆ دەستپێشخەری و تاقکردنەوە و سەپاندنی نامرۆییانەی ئەم تەندروستی و پاک و تەمیزیە ی ئەمڕۆ و ئەو هێرشانەی تریش کە بەدوایدا دێن و هەر ئێستا لە چنیندا ن. **شەڕی تۆتاڵیتی بەهایە بۆ سەر مرۆڤایەتی و بۆ دزینی ژیان**.

نموونەی نا ئۆرگانیکی و نا سروشتی و نا مرۆییانەی ئەم تەندروستی و پاکوتەمیزیە کاتێک بە ڕوونی دەر ئەکەوێت کەبە کردەوە لەیەکی بەینەوە لەگەڵ لایەن نامرۆییەکانی تردا. بۆ نموونە نێر و مێ یەک بەپێی ئەم باری تەندروستی و پاکوتەمیزیەی ئێستا ئەکەونە خۆشەویستیەوە، پەیڕەوی کۆنتڕۆڵی هەناسەدانی کۆمەڵایەتی و دوور لەیەکتری دانیشتنیش ئەکەن، بەپێی واجبی تەندروستیش دەمامک لەدەم ئەکەن، دوایی حەبی مەنع و کۆندۆم و پێویستیە تەندروستیەکانی تری پێکەوە جووت بوونیش بەکاردێنن، لەپرۆسیسی "پەرەسەندنی خۆشەویستیەکەیان" دا هەموو ئەو ڕێو ڕەسم و پرۆگرام و ئامۆژگاریانەش بەکاردێنن کە تەلەفوونەکەیان و پسپۆڕەکانی زانستی و تەندروستی و خواردن و خەوتن و وەرزش .. پێیان ئەڵێن باشە بۆ تەندروستیەکەیان کە بی کەن. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە لەکۆیادا ئەم دوو کەسە مرۆڤن؟ لە کۆیادا خۆشەویستن؟ لە کویادا ئازاد و سەربەستن؟ لە کویا هاوبەشن؟ کا مەیە تام و بۆن و دەست لێدان و مژین و هەستکردن بە بوونی هاوسەری یەکتری؟ سۆز و لەزەتی یەکتری چۆن ئەکەن؟... هەموو ژیانیان نەک هەر کۆنتڕۆڵ کراوە، بەڵکو تێکیشدراوە، پەیوەندیەکی ئۆرگانیکیان لێ زەوت کراوەو پەیوەندیەکی نا مرۆڤایەتی و نا کۆمەڵایەتی بێ لەزەت و بێ تام و بێ بۆن و نا هاوبەش و بێ ووزەی تێکەڵ( بەڵام پاک و تەمیز ) یان بەسەردا سەپێنراوە . **ئەمەیە جەوهەری دژ بە ژیانی ئەم شاڵاوی تەندروستی و پاکوتەمیزی و کۆنتڕۆڵ کردنی هەناسەی کۆمەڵایەتیمان کە ئەیسەپێنن. گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕکردنی مرۆڤایەتی و ئۆرگانیکی و کۆمەڵایەتی ژیانە بە کیمایی و ئەفسانەی تەندروستی و پاکوتەمیزی بەها... گۆڕینەوەی ژیانە بە تەندروستی ئایینی، لە ڕێی ناوەندی و فەرمانڕەواییی بەهاوە!**

ئەم شاڵاوە تەندروستی یە جیهانیە، جگە لە **تێکدانی بوونی زیندو و بەکۆمەکی ژیان و زاڵکردنی زیاتری نامرۆڤایەتی و هێزی پارە بەسەر ژیاندا هیچ مەبەستێکی ڕاستەقینەی تری نی یە**. جیاکردنەوەی مرۆڤەکان

لەیەکتری و لە هاوبەشی کۆمەڵایەتی، جیاکردنەوەی مرۆڤەکان لە خودی خۆیان، لە هێزی ژیان... ئینجا باڵ ڕاکێشانی سەرمایە و ئامڕازەکانی خۆتازەکردنەوەی لەسەریەوە، تاکە هۆ و ئامانجی ئەم **تیرۆری تەندروستیەیە دژ بە بوونی کۆمەکی مرۆڤ** . سەرمایەداری خۆی زیندوو ڕا ئەگرێت و زیاتریش دەست درێژی خۆی ئەکات لەسەر تیکشکاندن و پارچە پارچەکردنی ژیان و بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان.

**ئەم پڕۆگرامی پاک و تەمیزیەی کە ئەمڕۆ سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە بەشێکە لە شەڕی خستن و تێکشکاندنی مرۆڤایەتی ،نەک بە پێچەوانەوە** .بۆ ئامادەکردنی مرۆڤەکانە بۆ ملدان و سەرشۆڕی بە دەستکاری و داهێنان و کۆنتڕۆڵ کردنی زیاتر و زیاتری بێ سنوور. بۆ **تێکشکاندنی زیاتر و زیاتری بوونی زیندووی مرۆڤەکان**. بۆ ئەوەشە کە جیهان و کۆمەڵ وا لێ بکەن **کە کەسمان نە بتوانێت و نە بۆشی هەبێت کە بەبێ ملدان بۆ داو دەرمان و پاک وتەمیزی و ڕێنمایی تەندروستی و کۆنتڕڵی ئەلکترۆنیکی بتوانێت بجووڵێت**. یان مل کەچ بوونی جیهانمان یان گۆشە نشینی و شێت بوون و لاکەوتەیی. **لە هەردوو سەرەوە لێدانە لە مرۆڤایەتی**. ئەمان تۆقێنێ بە دابڕانی کۆمەڵایەتی و گۆشەگیری و بەدەم خۆوە وڕێنەکردن و تێک جوونی دەروونی، بۆ ئەوەی مل بەین بەدەستدرێژی جیهانی سەرمایە و بە چەوساندنەوەو تێکدان و کۆنترۆڵ کردنی ژیانمان. ئەشمان تۆقێنێ بە ڤایرۆس و پەیڕەوی تەندروستی گشتی و سزا و زیندانی کرن ... بۆ ئەوەی یان مل بەیین وەیان دەم کوت و گۆشە گیر بیین ، بۆ ئەوەی پلانەکە بە سەرکەوتووی و بە وویستی زۆرییینە بچێتە پێشەوە. گەر ئەمەشی بۆ چووە سەر ئەوا گورزی زیاتر و زیتریش بەدوای دا دێت... **تەندروستی لە ژیان جیا بۆتەوەو بۆتە سەرمایە(بەها) و شەڕی دژی ژیان ئەکات بۆ سەرشۆڕکردن و کۆنتڕۆڵ کردنی...**

تونس 30ی مارچ



گرتنی هەناسەی کۆمەڵایەتی، تێکدانی هێزی ماددی ژیان، گرتنی هاتوو چۆ، دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لەیەکتری و لە تواناکانی ژیان، سنووردانان بۆ هەموو جۆرێک لە هەلسوکەوتی کۆمەڵایەتی و کۆمەکی مرۆڤەکان.. ئینجا سەپاندنی باری بەناو تەندروستی و بەناو ئەو پەڕی پاکو خاوێنی ، لە گەڵ کردەوەو هەواڵە تۆقێنە ر و درۆ و دەلەسەکاندا، هێزی چاودێری و بەرپێگرتن و سزادانیش لەگەڵیا... **ئەمانە هەمووی بۆ شکاندنی مرۆڤەکان و لە**

**پەل و پۆخستنی بوونە کۆمەڵایەتیەکەیانە ، بۆ ئەوەی بە ئاسانی خۆیان بەن بەدەست سەروەری سەرمایەوە..**

ئەم دەستدرێژیە جیهانی و چینایەتیەی ئەمڕۆی سەرمایە، کە لە ژێر ئاڵای تەندروستی دا بەڕێوە ئەچێت ،لە پێویستی سەرمایەوە سەرچاوەی گرتووە و دیکتاتۆریەتی ئەو پێویستیەیە بە : چەوساندنەوەی زیاتر، بە خۆ پاکردنەوەو تەمەرکوزکرنی زیاتر، بە سووک کردنی ئاوو هەوا و بواری هەڵسورانی جیهانی خۆی ، بە کەم کردنەوەی کولفەی ماددی و بەشەری لەسەر سەرمایە، بە لابردنی "زیادە ڕۆییی" و لابەلایی و نا بەرنامەیی لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دا، تووند کردنەوەی برغوەکانی ئابووری و بازرگانی، دەست هێنان بە دانیشتوانی سەر گۆی زەوییدا، سەپاندنی بێ ئەملا و ئەلای فەرمانی پارەو بانق و مامەڵەکردنی ئەلکترۆنی و باچ و سەرانە و فایدەو لێکێشانەوەکانی تر لەسەریەوە. ئەمەش هەم تەواکەری دەست دێژیەکانی پێشینی سەرمایەیە، وە هەم دەست وەشاندنیشیەتی لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە شۆڕشگێریەی پرۆلیتاریا کە ماوەیەکە لە پەرەسەندنی جیهاندایە و ئەم پەرەسەندنەش نەک هەر بەری بە پلان و دەست پێشخەریەکانی سەرمایە گرتبوو، بەڵکو بە ڕاستەو خۆیی و بە هێز هەڕەشەی لە سیستەمەکەی ئەکرد.

ڕێکخراوی تەندروستی نێو دەوڵەتیش بەشێکی گرنگە لە پرۆگرامی چاودێری و بەڕێوەبردن و کۆنتڕۆڵکردنی داوو دەرمان و کوتیین و ڕاهێنانی ئاشتیانەی کۆمەڵگای جیهان. دەستی هەیە لە هەموو پرۆگرام و تاقی کردنەوە و داهینانە تەندروستی و کۆنتڕۆڵەکانی لەدایک بوون و باری تەندروسستی گشتی دا. لە چاو دێری و سەرپەرشتی و چالاکی جەماوەری کردنەوەو جیهانی ئەم پرۆگرامانەدا. هاندەرێکی سەرەکی یە( ڕووی تەندروستی و زانستی ئەوانەن کە کۆنتڕۆڵیان هەیە بەسەر یا) لە کۆنتڕۆڵی هەناسەدانی کۆمەڵایەتی و سەپاندنی ڕێو ڕەسمی بەردەوام بوونی پاکوتەمیزی جیهانی...

“ The Bill and Melinda Gates Foundation did fund a study, conducted by the Massachusetts Institute of Technology last year, which looked at the possibility of storing a patient's vaccination history in a pattern of dye. It would be invisible to the naked eye, and could be delivered under the skin at the same time as a vaccine. BBC , Jane Wakefield Technology reporter 06/06/2020”

"At a time like t his, when the the world is facing an unprecedented health and economic crisis, it's distressing that there are people spreading misinformation when **we should all be looking for ways to collaborate and save lives**. Right now, one the best things we can do to stop the spread of Covid-19 is spread the facts. … It is troubling that there is so much craziness. **When we develop the vaccine we will want 80 percent of the population to take it and if they have heard it is a plot and we don't have people willing to take the vaccine that will let the disease continue to kill people**." ( Bill Gates In an interview with the BBC , from Jane Wakefield Technology reporter 06/06/2020”)



Warren Buffett, Kathy Ireland and Bill Gates at the 2015 Berkshire Hathaway shareholders meeting. Buffett, along with Bill Gates, was named the most influential global thinker in Foreign Policy's 2010 report. in June 2006, Warren Buffett announced a new plan to give 83% of his fortune to charity, to the Bill & Melinda Gates Foundation.

پرۆلیتاریا دەمێکە هۆشیارە بە ڕۆی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دروستکردنەوەی پایەکانی سەرمایەداری و لێدان لە هەستانەکانی پرۆلیتاریا. چەککردنی پرۆلیتاریا و چەکدارکردنی بۆرجوازیەت . لە جێبەجێکردنی پرۆژە ئابووری و سیاسی و تەندروستیەکانی کۆمپانیا نێو دەوڵەتیەکاندا... کردەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 1991 -2000 لە کوردستان بریتی بوو لە : هێنانی ڕێکخراوە خێرخوازیە ئاینی یەکان، کردنەوە و ئاوەدان کردنەوەی مزگەوت و پەرستگاکان، ئابڵوقەو چەککردنی پرۆلیتاریا، هێزی ئابووری و مالی و خۆراکی خستنە دەست هێزە ناسیونالیست و ئایینیەکانەوە، بۆ زاڵ بوونیان بەسەر پرۆلیتاریادا، تەنسیقکردن و تەقویەکرد نەوەی یاسا و دەستوور، ڕێکخستنی گفتوگۆی هێزەبوارجوازیەکان، پێکهێنانەوەی دەوڵەت، .... لە ڕابردووی یۆگۆسلاڤیادا و لە وڵاتەکانی ئەفەریقیادا لەوەش زیاتر ڕۆڵیان هەبوو لە جینۆسایدی ڕاستەوخۆی دانیشتواندا.. لە هۆشیاری پرۆلیتاریا بەم ڕۆڵە دژە شۆڕشگێڕەی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆتایی 2019 دا ، دوای بیست ساڵ لە بوونی هێزەکانی ئاشتی خوازی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆماری ڕۆژهەڵاتی کۆنگۆدا، پرۆلیتاریاکانی ناوچەکە بە لێشاو هەڵیان کوتایە سەر سەربازگاو بنکەکانی ئەم هێزانە و ئاگریان تێ بەرداو وێرانیان کرد. بە شێوەیەکی بێ ئەم لاو ئەولا و بە تووند و تیژی ئەم هێزانە یان، کە بە هێزترین هێزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە لە جیهاندا( 1)، بە جینۆسایدکەر و هاندەری وێرانی و تیرۆر لە ناوچەکەدا دەست نیشان کرد.




پرۆلیتاریاکان لە کۆنگۆی ڕۆژهەڵات دژ بە

UN and its military Monseco / ADF Islamic forces/ Congolese Government/ Congolese national army

------

**(1) ( ئەم هێزانەی نەتەوەیەکگرتووەکان بە مینسکۆ ئەناسرێن.هەشت هەزار چەکداری هەیە. بوجەی ساڵانەی یەک بلوێنە. بیست ساڵە لە کۆنگۆدایە. گەورەترین هێزی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە جیهاندا...)**

له گەڵ ڕێکخراوە ئیسلامیە نارەزاکان و لەگەڵ سوپای کۆنگۆدا بە هاوبەش و هاو تاوان دەستنیشانیان کرد.
هەموو ئەو لایەن و هێزە چەوسێنەرانەیان بە یەک دەست و هاو هێز دژ بە ژیانیان کردە نیشانەی خەباتەکەیان
ئەم هێرشەی پرۆلیتاریاکان لە کۆماری کۆنگۆ ئەوەندە ڕاستەو خۆ و کاریگەر بوو کە ناچاری نەتەوە
یەکگرتووەکانی کرد، کە نەک هەر بنکە سەربازیەکانی لە شەوو ڕۆژێکدا بپێچێتەوەو هەڵ بێت، بەڵکو پرۆگرامی
کوتان وکۆنتڕۆڵ کردنی منداڵ بوون و تاقگای دەرمان و دەرمان سازی و پرۆگرامەکانی تری کۆنتڕۆڵ کردنی لە
ناوچەکەدا ڕاگرێت ... ئەمە هەستانی پرۆلیتاریا بوو ، بەڕووی ئەم هیزانەو تاوانەکانیان و تێکە و لێکەی بیست
ساڵەی نێوانیان ، دژ بە مرۆڤایەتی و بۆ ڕەوواداوونا و جینۆسایدو کۆنترۆکردنی دانیشتوانی ناوچەکان...




**بڕوخێت زۆرەملێی تەندروستی و کوتان و پاک و تەمیزی تێکدەری ژیان**
**بڕوخێت ئەفسانەکانی پاک و تەمیزی و مەرامە ئاشکراو نهێنیەکانی**
**بژی ئۆرگانیکی ژیان**
**بژی یاخی بوون دژ بە دیکتاتۆریەتی پاک و تەمیزی**

## یەکێک لە سەر ئەنجامە دەست بەجێ و ڕاستەوخۆکانی ئەم بارودۆخە

یەکێک لە سەر ئەنجامە دەست بەجێ و ڕاستەوخۆکانی ئەم بارودۆخە دوور خستنەوەی ژیانە لە مرۆڤەکان و مرۆڤەکان لە یەکتری. دوور خستنەوە و کۆنترۆڵ کردنی بوار و پێویستیەکانی هەستکردن بە مرۆڤایەتی یە لە بەردەم مرۆڤەکاندا و بەیەک گەیشتنی مرۆڤەکان بە یەکتری و بە پێویستیەکانی ژیان و بە تواناکانی بە کۆمەکی خەبات بۆ مرۆڤایەتی...

بریتی یە لە خۆڕاوەشاندنی جیهانی دەوڵەت و پەردە پوش کردنی کەلەبەرەکانی و بازدان بەسەر بەربەرەکانی یە کۆمەڵایەتیەکاندا و خستنە ئیشی ئەفسانەی جیهانی پەتا بۆ تووند کردنەوەی دەسەڵاتە کەی. ئیستۆپ پیکردنی پڕۆلیتاریا یە لەسەر ئاستی جیهانی. خاو کردنەوە و پاککردنەوەی بە لێشاوی ئابووریە .... خۆ ڕێکخستنەوەیەتی و فڕێدانە لاوەی بە لێشاوی سەدەها ملوێن لە کرێکارانە لەسەر ئاستی جیهانی بۆ مردن و برسێتی و کۆیلایەتی..

کەلەپاچە و بێ دەسەڵات کردن و لا کەوتە کردنی مرۆڤەکانە بۆ ئاستێک کە داماوی و تەنیایی و ترس باڵ بکێشێت بەسەر ژیانی ڕۆژانەیاندا و لەو ترس و لەرزەوە بیر لە ژیان بکەنەوە و هەڵپەی پێویستیەکانیان بکەن. دەوڵەتیش وەکو کولفی کل و پارێزەری پێویستیەکان زەمانی ئارامی و ڕێکخستنی هەم هاتوو چۆی مرۆڤەکان و هەم سنووری بەدەست هێنانی پێویستیەکانیان بێت.

دابڕینی مرۆڤەکانە لە یەکتری و لە هیزی کۆمەڵایەتیان و لە توانای سەربەخۆییان . شکاندنی هێزوو بازووی مەوزوعی و زاتی خەباتی پڕۆلیتاریایە و پتەوکردنەوەی دەوڵەتە ..

ئەوەی کە تا دوێنێ پڕۆلیتاریا لە فەرەنساوە بۆ هۆنگ کۆنگ، بۆ ئەمەریکای لاتیین، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هاییتی ... ئەیتوانی بیکات، ئەمڕۆ دەوڵەت بەبێ تەقە ڕایماڵیوە..

هاتنە سەر جادەکان، داگیرکردنی ناوەندی شارەکان، میناکان، بازاڕەکان،پەلاماردانی بنکەکان، کۆبوونەوەو نقاشی خەبات، بەستنی هاوکاری و پەیوەندی نێونەتەوەیی ، درێژکردنەوەی خەبات.. دەست گرنت بەسەر هاتوو چۆ و شت ومەکدا، بێ قیمەتکردنی ئابووری و دەوڵەت و پارە..، هەستکردن و تامکردنی خەبات ، پاشەکشەکردن بە دەوڵەت و تێکدانی پایەکانی سەرمایە... هەمووی پاشەکشە پێکراوەو بەبێ بەربەرەکانیی خراوەتە لاوەو تا بێت خراپتریش ئەکرێت..

بڵاوەپێکردنی پڕۆلیتاریا و خستنە لاوەی بوونەکەی لە هەموو وولاتەکاندا و دوور خستنەوەی لە تواناکانی خەبات و دەرهێنانی مەیدانەکانی خەبات لە ژێر دەستیا یەکێکە لە دەر ئەنجامەکانی کۆنترۆڵ کردنی ئەم پەتایە.. ترس و هێز و سزادان و برسی کردن و بڕینی هاتوو چۆ و سنوور دانان و دەستنیشان کردن و ... هەمووی خراوەتە ئیش..

ئەم پرۆسیسە تازە نی یەو سەرمایە لێرەوە درووست بووەو پەرەی سەندووە. کۆیلایەتی و کاری سوغرەو کاری بەکرێ لەتواناداد نە ئەبوو بە بێ مێژووی داڕوتان و هەڵکەندن و دورخستنەوەی مرۆڤەکان لە سەرجاوەکانی ژیان و لە بوونی خۆیان... ئەمەش شاڵاوێکی تری کۆیلایەتی کردنی مرۆڤەکان و بەکۆیکلەکردنی ملوێنەهایانە لە چاوو تروکندێکی جیهانیدا، بە خێراییەکی وا کە دەگمەنە لە مێژوودا..

ڕاکێشانی بەرەی ژیان و خەباتە لە ژێر پێی پڕۆلیتاریادا . بەرگرتنە بە سەر بەرزکردنەوەکانی. ڕاگرتنێیەتی لەو ئاستەی کە تا ئێستا هێناویەتی و پاڵ پێوە نانیەتی بۆ دواوەو هەولی خستنە بەپشتا..

گرتن و سزادانی ئاواتەکانی ژیان و بچووکردنەوەو خستنە ناو شووشە و سەرقاپ نانەوەو قەپات کردنیەتی تا لەبییر بچێتەوە..

# " ئەم بارەی ئێستا شەری سەرمایەیە دژ بەکۆی مرۆڤایەتی"

بابەتی "پاندانیک و تەندروستی و پاک وخاوێنی" بریتی یە لە نەفی کردنی مرۆڤ! بریتی یە لە لێدانی تۆتاڵیتی سەرمایە یە بۆ ژیان... ! پرۆسیسی نەفی کردنی مرۆڤ و ژیانە... بڕیاردانە لەسەر گۆی زەوی و چارەنووسی مرۆڤایەتی
ئەم بڕیادران و پرۆسیسە، شتێک نی یە کە لە "خوارەوە" سەری هەڵ دابێت و لە "سەرەوە" بەبەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن! نەخێر ئەوە سەرلێشێواندنە. ڕێک بە پێچەوانەوە، بڕیاری جەنگە لەسەرەوە دراوە دژ بە ژیان و بە مرۆڤایەتی و لە خوارەوە جێ بە جێی ئەکەن...
ڤایرۆس و پاندامیک و پاکو خاوێنی ... لەوە نەهاتووە کە سەرمایە لە دەستی دەرچووە، لە ناکۆکی و نا دەسەڵاتی ناو سیستەمەکەوە تەقیوەتەوە و سەرمایە بۆی کۆنترۆڵ ناکرێت ،بۆیە هەموو ژیانی ڕاگرتووە! بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو تەقینەوەیە بکات. نەخێر. بە پێچەوانەوە. تەقینەوە نی یە، بەڵکو ڕاگەیاندنی جەنگە بۆ خڕکردنەوەی مرۆڤایەتی و کۆنترۆڵ کردنی. ئەو وەکو تەقینەوە نیشانمانی ئەدات بۆ ئەوەی بە هۆشیاری خۆی لێ بێ بەری بکات و بیکات بە سودفە و لاموبالات و خەتای ئەم و خەتای ئەو. ئەمە وەک هەموو جەنگێک بە شێکە لە درێژەدان بە جەنگەکە و لە پرۆسیسی دابەشکردن و بەکار هێنانمان. لە بڕیاری جەنگە کە خۆی. بەمەش زیاتر وونمان کات، دا بەشمان کات، تێکمان بشکێنێت و بەرەو سەرکەوتن بڕوات..
ئەم بابەتە لە هەڵەیەکی تاقی گاشەوە نەهاتووە. کەس بە هەڵە ئەمەی نەکردووە. لە نەزانیینەوە نی یە... ئەم جۆرە چیرۆک هەڵبەستنە هەم بۆ چاوبەستنمانە و هەم بۆ ئەوەیە کە ئەگەر پێویستی کرد بیکەن بە مونافەسەی نێو دەوڵەتی بۆ بەشێکی تر لە جەنگەکە. نەخێر ئەمە ڕاگەیاندنی جەنگی کیمیاوی، بایۆلۆجی، دیجیتەڵی، پاکسازی، پارەی ڕەمزی ... یە بەسەر بوونی ماددی و دەروونی مرۆڤ دا. بەسەر باری ژیاندا. بەسەر تەوای کۆمەڵ دا. بۆ سەرشۆڕکردنی بێ ئەم لاو ئەولا و بێ مەنفەزی ژیانە لەو جەنگەدا. بۆ نەفی کردنی بوونی زیندووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی یە. لەمەولا بەبێ کیمیاوی، پارەی رەمزی، دیجیتەڵ، سەرشۆڕی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.. بواری ژیان و هاتوو چۆی کەس نادرێت. ئەوانە یەنە رێزی پێشی پێشەوەی "چالاکیەکانی" مرۆڤ. ڕیزی پێشی پێشەوەی بوونی" زیندووی"مرۆڤ. ڕیزی پێشی پێشەوەی هەناسەدانی مرۆڤ. کۆمەڵایەتی بوونەوەی مرۆڤ.... ئەبێت مرۆڤایەتی باج و سەرشۆڕی ئەمە بێت ئینجا بۆی هەیە بەردەوام بێت! ئەمە یە نەفی کردنی مرۆڤایەتی! ئەمەیە سەرشۆڕی مرۆڤایەتی بۆ بەها! ئەمەیە دیکتاتۆریەتی سەرمایە دژ بە ژیان! هەر ئەمەشە کە بڕیار و ڕاگەیاندنی جەنگە لەسەرەوە و جێبەجێکردن و سەپاندنێتی لە خوارەوە!

لەم جەنگەدا تەنها مەسەلەیەک کە گرنگی هەرە بەرزی هەبێت بەلای سەرمایەوە ئەوەیە کە **چەند تێک ئەشکێنێت**. چەند ئەوانە زاڵ ئەکات کە باسمان کردن. بەرزترین و بەرفراوانترین تێک شکاندن، نزمترین و بەرتەسک ترین بوار کردنەوە بۆ ژیان. گرتنەوەی هەرە بەرزی بوارەکانی ژیان، ڕێگەدان بە تۆزقاڵی، بە قەترە قەترەی دابین کردنی پێویستیەکانی ژیان. ئەمەش بە کولفەیەکی زۆر بەرز تر و بە مەرجی ڕسوای و چاوەڕوانی و سەر شۆڕیەوە ( نەفی کردنی بوونی مرۆڤ). بواری دان هەڵ کێشان و کڕینی دەرمانی ئازارت ئەدا، بەڵام نایەڵێت دانت بۆ پرکەنەوە، چاکی کەن، دەستی پیا بێنن... دان هەڵ کێشان تێکشکاندنەو کەلەبەرێکی هەتا هەتاییی لە ژیانتا دروست ئەکات. ئەبێت یا بەو تێکشکاندنەوە بژییت بەرەو مردن وە یان هەوڵ بەییت ئەو کەلەبەرە وا پڕکەییتەوە کە هەست بەوە بکەییت ئیتر کەلەبەر نی یە. لەم جەنگەدا تێکشکاندنەکە، دروستکردنی کەلەبەرەکە، هەستکردن بە نوقسانیەکە ڕێگەی پێ دراوە بەڵام پڕکردنەوەکەی بۆ ئەوەی هەست بەخۆت بکەییت، لەخۆت ڕازی بییت ، ئەوە مەمنوعە. تەنها ئەگەر دەوڵەمەند بییت. کە بە ئینشورانس و خزمەتگوزاری تایبەتی پارەکە مەمنوعی

ناهێڵێت. ئامانجی ئەم جەنگە تێکشکاندنی بوونی مرۆڤ و کەلەبەر دروستکردنە لە ژیاناو سەرشۆڕکردنیەتی لە هەوڵەکانی پڕکردنەوەدا.

دژ بەم نەفی کردنە سەرتاپاییە ئەوە ڕاست نی یە کە بڵێیین ئەمە "پاندامیکی سەرمایەیە"، ئەمە" هەلێکە بۆ سەرمایە"، ئەمە"نیوەی راستەو نیوەی درۆ"، ئەمە " ڕاستە ڤایرۆسە بەڵام زل کراوە"، ئەمە"بکوژە بەس یەکجار وانی یە"، " ئەمە ئەزمە یە بۆ سەرمایە"، " ئەمە بابەتی تەندروستی یە بۆ مرۆڤ"...... جونکە هەموو ئەم دەربڕینانەە نەک هەر دەست ناخەنە سەر بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایە لەبابەتەکادا، بەڵکو پاڵ پشتیشی ئەکەن. چوونکە دەست ناخانە سەر ئەوەی کەئەمە نەفی کردنە سەرتاپاییە و پلانێکی داڕێژراوی هۆشیارانەی دەزگای زانیاری و پاراستنی سەرمایەی جیهانیین. وەکو هەموو پلانەکانی تر، بۆ نموونە تیرۆر و دژە تیرۆر، چەندیین ساڵی پێ چووە، لە چەند شوێن مەشقی لەسەر کراوە، هێز و ڕابەرایەتی و دەستەی تایبەتی بۆ دیاری کراوە. زانیاری کۆکردنەوەو بڕیاردان و جێ بەجێکردنی باش دەست نیشان کراوە. شانۆگەری بۆ ئامادەکراوە.... وەکو هەموو پلانەکانی تر تەنها دەستەیەک لە سەرکردە جیهانیەکان، لە پارەدارەکان، لە بەرپرسیارە سەربازی و ئەمنیەکان بەئاگابوون و بۆیان هەبووە کە بە ئاگا بن لە پڕۆسیسی ئەم پلانە. لە ناو هەموو دەزگا کانی دەوڵەتدا تەنیا چەند دیاری کراوێک بۆیان هەبووە کە ببن بە شێک لە پلانەکە. بەپێی مەکانەو پەیوەندی نێودەوڵەتی و تۆکمەییی بیرو ڕایان و وردەکاریەکانی تر دەست نیشان کراون. هەر وەکو دەست نیشان کردنی بەڕێوەبەری ئەمن، یان سەرکردەی سوپا، یان هێزی دژە شۆڕش، یان دەستەی بکوژ و فڕێنەر و سزادەر.... بۆ نموونە زۆر بۆی هەیە کە ماکرۆی فەرەنسا، سەرکردەکانی چین، مودی هندستان، میرکڵی ئەڵەمانیا، پوتینی ڕوسیا، ناتانیاهۆی ئیسرائیل، پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاوێژکارە تاییەتیەکان.... چەندیین جار لە گفتوو گۆدا بووبن لەسەر ئەم بابەتە. چەندیین جار بە ئاگا کرابنەوە لە هەنگاوەکانی... بەلام بەشێک لە سەرکردەکانی تر تەنیا گوێرایەڵ و جێبەجێکەر بووبن. بۆ ڕاگەیاندنی جەنگی تیرۆر و دژە تیرۆریش هەر وابوو. بۆ هەموو دەست پێشخەریە جیهانیەکانی سەرمایە هەر وایە. لە هەموو جەنگەکاندا هەر وابووە.

بۆیە لە دژایەتی کردنی ئە شاڵاوی نەفی کردنەماندا، جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان ئەو هەڵوێستەی کە ئەڵێت "سەرمایە پەتای ئیستغلال کردووە بۆ مەرامی خۆی " " یان سەرمایە خۆی پەتایە"...، لە گەڵ ئەو هەڵوێستەی کە ئەڵێت " پەتا بەڕاستی بوونی لە ئارادا نی یە ئەمڕۆ. ئەوەی هەیە پلانێکی لەسەرەوە داڕێژراوەو لە مەیدانی تەندروستی دا بۆ تێکشکاندنی ژیان و سەرشۆڕکردنی مرۆڤایەتی"، بۆ گرتنەوەی بوارەکانی ژیان و برسی و ڕسواکردنی چەوساوەکان. تێکشکاندنی بوونی ماددی و دەروونی مرۆڤ. هەڵتەکاندنی مرۆڤەکان و ڕاوەشانیان بۆ ئەوەی هەم تووشی شڵە ژان بن و هەم ئەوەی کە پێیانە بکەوێتە خوارە لێیان بۆ گیرفانی سەرمایە و داما و زەلییل تر بن.
جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنیوان ئەو هەڵوێستەی کە ئەڵێت سەرمایە کەو تووە بە سەر پەتادا و پەتا هەیەو لەئەنجامی وێنکاری سەرمایەوە سەری هەڵداوە و ئێستا سەرمایە بەکاری دێنێت بۆ تیمارکردنی ئەو وێرانکاریە. لەگەڵ ئەو هەلوێستەی کە ئەڵیت پەتا لەسەرەوە داڕێژراوەو فەرمانی جێبەجێکردنی دراوە لەسەر ئاستی جیهانی بۆچەند مەبەستێک:
- تێکشکاندنی مرۆڤایەتی و سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی
- کەم کردنەوەی پڕۆسیسی بەرهەم هێنان و بەرهەم هێناوە( بە مرۆڤ و ژیان خۆشیەوە)...
- زاڵ کردن و دەسەڵاتدارێتی کیمیاوی، بایۆلۆجی، دیجیتەلی، پاکسازی، پارەی ڕەمزی ... یە بەسەر بوونی ماددی و دەروونی مرۆڤ دا. بەسەر باری ژیاندا. بەسەر بوونی فیزیاوی ماددەدا..
- تێکشکاندنی هێزی ماددی و مرۆیی شۆڕش. خستنی سەرتاپایی خەباتی پۆلیتاریا

- توووند و تۆڵ کردنەوەو سەرخستنەوەی چینی بۆرجوازیەت
-توووند و تۆڵ کردنەوەی دەوڵەت.
-کردنی جیهان بە سەربازگا
- کردنی ئاڵ و گۆڕ و هاتوو چۆ بە دیجیتەڵ
- سەرخستنی سەرتاپاییی پارە و کردنی پارە بە ڕەمزی و وێنەییی و دیجیتەڵ...
-زیاد کردنی باچ و زەریبە و سەرانەو سوو.. بەڕاددیەکی زاڵ لە ئاڵوگۆڕدا
-بەرزکردنەوەی ڕێژەی جەوساندنەوەی مرۆڤ، بە گران کردنی باری ژیان و زیاد کردنی قەرز و قۆلە و باچ و سەرانە و ....
-ناچارکردنی مرۆڤ بە ملدان بۆ کۆیلایەتی
- زیندوو کردنەوەی ئایین و خێرخوازی و خۆ بەخشی و داوو دەرمانی نەفسی و خۆبەدەستەوەدان... بۆ پڕکردنەوە ی بۆرجوازیانەی ئەو تێشکاووی و بۆشاییانەی کە ئەم شاڵاوە دروستی ئەکات، بۆ ئەوەی نەچێت بەرەو یاخی بوون..
- ڕووتاندنەوە و دزیینی تەواوی ئەوەی کە چەوساوەکان چەند ساڵێکە لە دەمی خۆیان گرتۆتەوە بۆ ڕۆژی تەنگانە! بۆ ئەوەی هیچ زەمیینەیەکیان نەمێنێت کە لێوەی هەست بە سەربەخۆی یان خۆ بەدەستەوەنەدان بکەن.
هەموو ئەمانەی سەرەوەش زیادکردنی بەها و دەوڵەمەندی و فەرمان ڕەواییی پارەیە بەسەر ژیاندا



**Migrant workers crowd together outside a bus station as they wait to board buses to return to their villages on the outskirts of New Delhi [Anushree Fadnavis/ Reuters]**

**NEW ORDER AND PANDEMIC**
**Organized and criminal will**

# فەرمانیی نویٚ و پەتا(پاندامییک)

**فەرمانی تازە و پاندامییک**
**ڕێکخستن و و وویستێکی تاوان کارانەیە**

**دەست بەسەری و سەرشۆڕکردنی مرۆڤایەتی**، بە بیانووی "پەتا" وە، **مەبەستێکی ڕاستەقینەی خۆی هەیە**، ئەویش جێبەجێکردنی "فەرمانی نوێی جیهانیە" کە بریتیە لە کەمکردنەوەی ژمارەی مرۆڤەکان، بەڵام زیادکردنی کۆیلایەتی و زوڵم و زۆر، بەرزکردنەوەی ڕاددەی چەوساندنەوەو داپڵۆسیینی هەموو بوونە زیندووەکان، بۆ ئاستێک کە لەڕابردوودا تەسەور نەکراوە, **بەڵام ئەوە ڕاستە**، کە ئەم پلانە داڕێژراوی ئەو حکومەتە شاراوەیەیە کە جڵەوەکەی بەدەست **بانکی جیهانیەوەیە.**

هەرا و هوریای پاندامیک و ڤایرۆسی کرۆنا، هیچ دەلالەتی مەوزوعی ئەوە نیە کە سەرمایەداری لە ئەزمەدایە. زۆر بە پێچەوانەوە، چیرۆکێکی هەڵبەستراوی درۆیینە یە، داپڵۆسینێکی دڕندانەو بێزلێکەرەوە یە( a grotesque)، سەنگەر داکوتیینی سەرمایەیە و دروستکراوە بەمەستی ئەوەی کە چەوساندنەوەو داپڵۆسیین زیادکات ، ڕێژەی چەوساندنەوەو قازانج بەرزکاتەوە بە بەرژەوەندی سەرمایەی مالیی(دارایی) و لەسەر حسابی کەمکردنەوەی هێزی پیشەسازی. پلانێکی داڕێژراوی ئایدیۆلۆجی، بە ئەنقەست و خۆبەخۆی ئامادەکراوی دەسەڵاتە( the **POWER** ) ( تەندروستی، ئابووری، سیاسی، دام و دەزگاییی، کیمیاوی، سەربازی.....) .
ئەمەش نەک بۆ چارەسەر کردنی ئەو ئەزمە تەندروستی و ئابووری یەی کە گوایە سەرمایەداری تێکەوتووە، کە ئەیانەوێت بەوە هەڵمان خەڵەتێنن، بەڵکو بۆ ئەوەی ، وە بە یارمەتی ئەو ترس و شڵەژانەی کە سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە، بە هەڵبەستنی زنجیرەیەک لە درۆ و هەواڵە هەڵ بەستراوەکان، **کە تەکانێک وپاڵێک بنێت** بە چەوساندنەوە، داپڵۆسین، بەکۆیلەکردن، زاڵ بوون، زووڵم و زۆر، لە نێر و مێ خستتن و بەسەربازی کردنی جیهانەوە . هەر لە هەمان کاتیشدا، ئەم فەرمانە جیهانیە وەڵامدانەوەیەکە بە هەموو ئەو خەباتە کۆمەڵایەتی یەی کە پرۆلیتاریا پێی هەستاوە لە ڕابردوودا و لەم سەردەمانەی ئەمڕۆشدا( بەتایبەتی لە 2019دا).، ئەو خەباتەی کە بەرز بوو بۆوە بۆ ئاستێکی هەڕەشەکەر لەسەرتاپای سیستەمی چەوساندنەوە و داپڵۆسیین.

**مێژووی هەڵبەستراوی پاندامیک** ئەوە نی یە کە زەمینەیەکی تەندروسی فعلی لەو بارە لە ئارادابێت و ئینجا ئیجرائاتە کۆمەڵایەتی و سەرکوتکاریەکان هاتبێت بە دوایدا، نەخێر، بەڵکو ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەمە پێکهاتەیەکی پڕ مەبەستی هەڵبەستراوی ئایدیۆلۆجی، سیاسی، سەربازیە و لە بواری تەندروستیدا نەخشەکەی کێشراوە. کوتەکێکی شەبەکەداری خۆ بە خۆ ی چنراوە و حازر کراوە لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوەی کە ئەویەوێت بمان خاتە ناو تۆڕەکەیەوە. **خاڵی دەست پێکردنەکەشی هیچ پەیوەندی نی یە بە بابەتی تەندروستیەوە، بەڵکو بە پێویستی داپڵۆسین، سەر شۆڕکردن، تێکدان و لەناوبردن، کەم کردنەوەی دانیشتوانی جیهان...**
هەڵبەستنی تێکەو لێکەی پاندامییک بە ڕێکخستنەوەیەکی زاڵمانەی بەشی دارایی(ماللی-بانقی-پارەییی) دەستی پێکرد، ئەمەش بۆ دەرباز کردنی سەرمایە لەو مۆدێلەی سەرمایەداری پیشەسازی ( یان کە پێی ئەوترێت" شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری" ) کە بەلای ئەم تاقمەوە کە جیهان بەڕێوە ئەبەن بە مۆدێلێکی بە ئەزمە دار

دائەنرێت . بە گوێرەی ئایدیۆلۆجیای ئۆرۆستۆقراتی جیهانیەوە ئەبێت یەکێک لەمانە هەڵبژێرێت: یان تێکچوونی گۆی زەوی، وە یان کەمکردنەوەی مرۆڤەکان و "چالاکیە زەرەرمەندیەکانی"بەرامبەر بە گۆی زەوی(1) .

بێ گومان ئەوان، بە سەپاندنی زاڵمی بەها دژ بە پێویستیەکانی ژیانی مرۆڤ، بە سەپاندنی داراییی( بانقایەتی ) دژ بە خودی مانەوەی مرۆڤ خۆی، بەردەوام ئەبن لە کەڵەکە کردنی سەرمایە. ئەوانەی کە سەرمایەکانیان، ڕێژەی چەوساندنەوە و قازانجیان زیاد ئەکەن، بە دەرهێنانی پارە لە هیچەوە ( پارەی بە خۆڕاییی)، ئەوان بە هیچ شێوەیەک بەتەنگ ژیانی خەڵکی و چالاکی مرۆییە وە نیین. ئەوان وەکو بە فیرۆدانێکی نا پێویست سەیری ئەوە ئەکەن. ئەوان بەردەوامن لە بەرهەم هێنانی پارەی فیات( fiat money ) بۆ بەدەست هێنانی بەها بەبێ ئەوەی پێویست بە بەرهەم هێنانی ماددی بکات. هەر لەبەر ئەمەشە کە وا بیر ئەکەنەوە کە مرۆڤەکان" تا کەمتر بن باشترە" . ماڵتۆیەنیزم مێژوویەکی درێژی هەیە وەکو ئایدیۆلۆجیەتێکێ یاریکەر و دەستاو دەست کەری پارەدارەکان( financial speculators). تا کەمتر خەڵکی هەبن باشترە، کەمتر چالاکی یە مرۆییەکان کەمتر پیسکردنی ژینگەیە، ئەمەش زیاتر پاراستن و ئینقازکردنی گۆی زەویە.

**ئەمڕۆ، تا چەند پاندامیک درێژەبکێشێت، ئەوەندەش ئەوان ئەو چالاکییە مرۆییانە و ژیانی مرۆڤ ئەتوێننەوە و لەناو ئەبەن کە سوودو قازانجی نی یە بۆیان** ( ئەو سوودو قازانجەی نی یە کە داوای ئەکەن). هەر ئێستا، هێزە بەرهەم هێنەرەکان، ئیشکردنەکان، بە تایبەتی ئیشە نا ڕەسمی و سەر جادەییەکان، ئیشە محەلیەکان... ئەو ئیشانەی کە لە ژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی بانقدارە جیهانیەکان و حکومەتەکاندا نیین، بە لێشاو تێک شکێنراون و لابراون. بۆ ئەوان ، تا زیاتر لەناوبەرن و گسکی لێ بەن باشترە! ئەمەش هەمووی **لە خزمەتی بە بانقایەتی کردنی هەموو کاروبارەکانی جیهاندا ... جا با خەڵکی هەرناڵەی بێت!**

**هەموو هەنگاوەکان و ڕێکخستنەکانی ئەم ڕسوایکرن و دەست درێژی کردنە نامرۆییانەی ئەمڕۆی فەرمانی نوێی کۆیلایەتی** ( کە تا دوێنێ ئەوترا " فەرمانی نوێی جیهان"و ئەمڕۆ ئەوترێت "نۆرماڵیتەیێکی نوێ")، **داڕێژراو و بە هوشیارانە چەکدارکراو و بەڕێوە ئەبرێت لە لایەن دەسەڵاتەوە.** ئەم فەرمانی کۆیلایەتیە پێکهاتەیەکی زۆر دیاری کراوی تایبەتی لە گەڵ خۆی هێناوە، ئەویش ئەوەیە کە وا خۆی بنوێنێت کە لە بەربەرەکانێدایە لە گەڵ دوژمنێکدا: خۆی کردووە بەوەی کە ئەمە "بەربەرەکانێی مرۆڤە" بەرامبەر بە هەڕەشەوهێرشی " شتێك " کە " هەموومانی خستۆتە مەترسیەوە" و " هەڕەشە لە هەموومان ئەکات". خۆی بە "جەمسەری مرۆڤایەتی" ئەنوێنێت بەرامبەر بە " دوژمنی مرۆڤایەتی"... پێویستی هەڵبەستن و داهێنانی پاندامیکیش لێرەوە هاتووە!
**کلیلی ئەم هەڵبەستنەش ئەوەیە کە وابێت شتێکی مەقبول بێت بەلای هاووڵاتیە سەر شۆڕەکانەوە**، بۆ ئەوەی ئەو **تیرۆرەی کە لە ڕێی پلانی پاندامیکەوە بەسەر دانیشتوانی جیهاندا فەرز ئەکرێت** ، وا دەرنەکەوێت کە **فێڵەو** ئەکتەرە سەرەکیەکەی شتێکی هەڵبەستراوی ئایدۆلۆجیانەیە، وا دەرنەکەوێت کە پاندامیک جگە لە پڕ و پاگەندە هیچی تر نی یە، بە ڵکو وا بێت کە ئەمە "بوونێکی" نادیاری سەر سوڕهێنەرە و هەڕەشەکەرە لە هەموومان ، ئەمەشە ئەوان وەکو "ڤایرۆس" نەخشەیان بۆ کێشاوە. هەر بەهەمان شێوەی دوێنێ کە چۆن تیرۆریزم و " دەوڵەتی ئیسلامی" یشیان سەپاند بەسەرماندا. ئەوە زۆر ئاشکرا نی یە کە کێ ئەم" دوژمنە نەبووە" بەناو بانگەی داهێناوە، کە ئایا بەڕاستی بوونی هەیە یان ئەمەش دەستکردی هەمان ئەو دەسەڵاتە

-----------

1- لەم بارەیەوە سەیری ئەو لێکۆڵینەوەیە بکە کە فابیلۆ هێرناندیز پارا( Pablo Hernández Parra) لەسەر مەسەلەی "گۆی زەوی ڕزگار بێت یان بوونەکانی مرۆڤ"نووسیویەتی..

جیهانیە یە کە تیرۆریزم و داعیشیان خستە ئیش ( هەمان دەسیسەی سەربازی و ئەمنی و نهێنیکارانەی ... ئەمەریکی/ ئیسرائیلی/ بەریتانی/ فەرەنسیەکانی جارانن)، و ئەمڕۆ ئالایەکی هەڵبەستراوی تریان تێوە پێچاوە. بەڵام ئەوەی کە زۆر ئاشکراو دڵنیایە ئەوەیە **کە ترس و لەز** لە " دوژمنی نەبینراو" **شتێکی بێ هاوتایە** بۆ **ئۆرۆستۆقراتیە بانکیەکانی جیهان** بۆ ئەوەی **ئامادەمان کەن** و بمان خەنە سەر ئەو شەقامە و بمان بەن بەرەو ئەو کوونەی کە ئەیانەوێت... بۆ تووند و تۆڵ ڕاگرتنی ئەم پلانگێڕی شانۆگەری ئایدیۆلۆجیەی کە لەلایەن دەسەڵاتی سەربازی، میدیا، سیاسی، پۆلیسی، دارایی ، تەندروستی ... یەوە هەڵبەستراوە ، **گرنگترین شت ئەوەیە کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی ئەوە حەشار بدرێت کە ئەمە ئیشێکی بە ئەنقەستی، بەر وەخت بڕیار لەسەردراو و خۆ بە خۆیی بە پلانە، بۆ لەناوبردنی کەمی و نەوعی مرۆڤایەتی.**

لە بۆچوون و بە رژەوەندی **بوونی مرۆیی یەوە**، گرنگرین شت ئەمڕۆ **پێداگرتنە لە سەر ئەوەی** کە ئەم تۆڕ و کوتەکەی پاندامیک هیچ ئامانجێکی "تەندروستیانە"ی نی یە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵکو زۆر بە پێچەوانەوە، ئامانجێکی شاردراوەی دژ بە مرۆڤایەتی هەیە: ئەیەوێت مرۆڤایەتی لاوازکات، دەست بەسەری کات، هەستێت بە سەپاندنی زیاتر و زیاتری بارە کۆنتڕۆڵ کراو و تایبەتمەندیە تەندروستیەکان بەسەر مرۆڤایەتی دا، ئەمەش لەلایەن و بە فەرمانی ئەو تاقمەی کە ئەمڕۆ جیهان بە ڕێوە ئەبەن. ئەوە هیچ گومانی تیا نی یە، کە **ئامانجی دەست بەجێی ئەم هەموو ئیجرائاتە نامرۆڤایەتیە بریتی یە لە تێکدانی هەموو خۆپشاندان و یاخی بوونە کۆمەڵایەتیەکان و شکاندنی بڕ بڕە پشتی خەباتە مێژوویەکەی پرۆلیتاریا دژ سەرمایەو دەوڵەتی جیهانی. بەڵام دیسانەوە مەبەستی شیەتی کە گسک بات لە ژمارەی کەسە زیندووەکان و لە ناویان بەرێت بۆ ئەوەی کە " گۆی زەوی بپارێزێت"، مەبەستێتی کە چالاکیە زیندووەکان و بەرهەم هێنەرەکانی ئەو کەسانە لەناو بەرێت، کە هەموو ئەو بەرهەم هێنان، دابەشکردن و بەکارهێنانانە( شت و مەك و خزمەتگوزاریەکان) ڕامالێت کە بەلای بانق دارەکانەوە هەر سەر یەشەن و تەنیا کلفە زیاد ئەکەن و دەسکەوتی دارایی و مالییان بۆ سەرمایەو دەوڵەت نی یە.**

**ئامانجە گشتیەکەی ئەم شالاوە تەنها سەرکوتکردنی بوونەکان نی یە، بەڵکو سەرکوتکردنی ژیانیشە،** ئەو چالاکیە زیندوەی کە بەردەوام گۆی زەوی ئەسوێنێ( ئیش لەسەر گۆی زەوی ئەکات)، بە تایبەتی ئەو بەشانەی چالاکی کە لە هیچ سەرژمێرییەکدا دیار نی یە، چونکە لە فۆڕمێکدا کۆنەبۆتەوە، ڕەسمی نی یە، هینی بانق نی یە، و هیچ دەسکەوتێکی لێ ناکەوێتەوە لە و ڕێگا زۆر پاکو پوختانەوەی کە ئۆرستۆ قراتیە کان لە ڕێیەوە قازانج لەسەر قازانج کۆئەکەنەوە: ڕێگەکانی هەقانە، باج، کرێ، سەرانە، فایدە، سوو ... بە برسێتی کوشتنەکەشی بۆ ئەوەیە کە ئاستی باڵای پرۆگرامەکەیمان نیشان بدات( ئەوەی کە چ عەنتەرێکە و چی لەدەست دێت)... لە ئێستادا ئەوان تەرکیزیان لەسەر ڕاگرتنی ئیستهلاککردنی ئەو ووزەیەیە کە لە لایەن بوونە مرۆییەکانەوە بەکاردێت، ئەمەش بۆ ئەوەی کە مۆنۆپۆلی پارەیی(دارایی) بەدەست بێنن بەسەر ئەوەی کە لەسەر گۆی زەوویدا هەیە.

دەربازبوونێکی نیسبی لەم ئابلۆقەیەی کە هەیە هەر ئێستا سەپێنراوە بە دابەزاندنێکی گشتی ڕێژەی بەرهەمهێنانی جیهانی، کە ئەم دابەزینەش زۆر لەوە زیاترە کە لە لایەن سەرژمێریەکانەوە دانی پیانراوە، کە تەنیا باسی ئەو بەشە ئەکەن کە ئەوان خۆیان قازانج، باج، فایدە... ی لێ ئەخۆن. باقیەکەی تری، ئەوەی کە نەتوانراوە بخرێتە قاڵبەوە، ئەوە ئەکەوێتە بەر هەموو قورسایی دیکتاتۆریەتی دارایی(مالی ) و بچووک ئەکرێتەوە بۆ نزمترین ئاستی خۆنواندنی.

**گرنگترین شت ئەمڕۆ بۆ مرۆڤەکان ئەوەیە کە ئەو درۆیە قبووڵ نەکەن** ک گوایە ئەم دابەزینە دڕندانەییەی چالاکیە کان بۆی هەیە بەهۆی شتێکی نەگبەتی وەک ڤایرۆس، پاندامییک، ئاژاوە... وە بێت ، کە پێویستە بە "هەمووومان چارەسەری بکەیین"، وە ئەوە **ڕاگەیەنن کە ئەو سەپاندنە لە دابەزینی چالاکیەکان و زیادکردنی برسێتی و لە نێر ومێ خستنی ژیان، ئەمانە بەشێکن لە بڕیارێکی بەمەبەستی حکومەتە جیهانیەکە**. بۆ یە ئەوە بە ڕێکەوت نی یە کە هەرە دەست ڕۆشتووەکانی تیمی بیلدیبیرگ( the Bilderberg) خۆیان ڕاستەوخۆ هەڵئەسن بە تەدەخولکردن، کاتێک کە ئیحتمالی ئەوە سەر هەڵ ئەدات کە پلانەکە لە شوێنێکدا بەباشی دەوری تیکشکینەرانەی خۆی نە بینیوە، **ڕاووو ڕووت و چەتەیی ئابووری باش نەکردووە**. کاتێک کە سەرکۆماری ئەرجینتینا، فێرناندیز، خەریکی ئامادەکردنی پلانی وورده ووردەی کردنەوەی چالاکیە ئابووریە کان بوو( لە دەوروبەری 15ی ئەپریلی 2020 دا) و ە مفاوەزات و دانیشتنی لەسەر ئەکرد لە گەڵ ڕێکخراوەکاندا بۆ جێبەجێ کردنی ، سۆرۆس( Soros) تەلەفوونی بۆکرد و سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەبێت بەردەوام بێت لەسەر پلانی دەستبەسەری کردنەکەو داخستن و مەنعەتە جەولەکە: ئەمە ئەوە نیشان ئەدات کە دیارە ئەو تێکشکاندنەی کە تا ئێستا کراوە بەس نی یە.

برسێتی لە عەمان/ ئۆردون



People crowded around buses distributing bread in some areas of Amman on Tuesday ( Jordan )

سەرمایەداری، بە درێژاییی مێژوویەکەی، بریبتی بووە لە دەورانە لە کۆتاییە نەهاتوەکانی ئەزمەکان، جەنگ، تێکدان، بەربڵاببوونەوە، ئەزمەی نوێ، جەنگی نوێ... "جەنگ" ێکی وەکو ئەم "پاندامیکەش"، وا داڕێژراوە کە تا ئەو ڕادە قوڵە تێکشکاندن و هاڕیین بکات کە زەمینەکە ئاواڵەو کراوە بکات بۆ بەردەوامی بەرهەم هێنان لە دواتردا، بەو سەر ئەنجامەوەی کەدەست گرتنی بانکەکان بەسەر جیهاندا، بیناکردنەوەیەکی تازەو بەربڵاوبوونەوەی سەرمایە بەر قەرابێت.

لەو فەرمانە نوێیەی جیهاندا کە ئەوان نیشانی ئەدەن و دیکتاتۆریانەش ئەیسەپینن، ئەو بوونە مرۆییانە لە ئارادا نی یە کە بتوانێت بڕیار بدات، هەڵ سووڕێت، شەڕبکات، خۆشەویستی هەبێت...، بەڵکو کەسە ڕۆبۆتیەکانی تیایە کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی کۆنترۆڵ کراون و مل کەچ کراون، دەرزی و شوناسمەی چپ(سیمکارت) یان پێ یە،

ئامێرە دیجیتەڵیەکان و کارتەکانی شایاندارو شانازیان هەڵگترووە بۆ ئیخباری کردن و... ئابڵوقەو دەستبەسەری، هەستی بێ دەسەڵاتی بەرامبەری ، چەواسندنەوەکەی، داپڵۆسینەکەی، جیاکاری و جیاکردنەوەکانی، لە نێرو مێ خستنەکەی... **هەمووی تێکدان و تێکشکاندنی ئەوەیە کە بەڕاستی زەروریە بۆ ژیانی مرۆڤ**

**خەباتی پڕۆلیتاریا لە لوبنان**




a Credit Bank, set on fire by anti-government protesters in Tripoli 29/04/20 **Lebanon**

**پڕۆلیتاریا ئینتیرناسیونالیستەکان**

**Internationalist Proletarians**

## AGAINST THE CONFINEMENT OF HUMANITY
# دژ به تاساندن و زەلیل کردنی مرۆڤایەتی

**شاڵاوێکی دڕندانە لە ئارادایە  دژ بە مرۆڤایەتی  کە   دەر ئەنجامی بوونی ڤایرۆس نی یە، بەڵکو دروستکراوی سەرمایەداری دارایی  و دەوڵەتی جیهانی یە(CAPITALIST BANKRUPTCY AND THE WORLD STATE)**

ڤایرۆس  ، یان بڵاوبوونەوەی " پەتا" نی یە کە هێرشێکی دڕندانەی کردۆتە سەر باری ژیانمان، بەڵکو سەرمایە و دەوڵەتە، خاوەن بانکەکان و و سەرۆکەکانی دەوڵەتن کە فەرمانرەوایی جیهان ئەکەن. ئەوانن کە سوود بەخشن لەم شاڵاوە ، لە ڕێی زەبەلاحترین ئاسانکاریکردن لە  تەرتیباتی پارەییەوە بۆ خۆیان، لە ڕێی عەسکەرتاری کرنی کۆمەڵ و پێشیل خستنی بەربڵاوی ژیان، تەنانەت ئەگەر بێشەرمانە هانا بۆ  خستنە ئیشی ئەو پڕوپاگەندیەش بەرن کە  " ئەمە شاڵاوە دژ بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس".
مەبەست یان ئامانجی  ئەم هێرشە جیهانیە بەرگرتن نی یە  بە پەتا ، **چوونکە هیچ پەتایەک لە ئارادا نی یە**.
بەڵکو ئەوەیە کە  قووڵ ترین و چنراو تریین زۆردای و زوڵمی  بەها( ڤالیو) بسەپێنێت دژ بە ژیانی مرۆڤ، هەموو پەیوەندیەکانی مرۆڤ بابەدەست دارایی یەوە ( financial)، دیکتاتۆریەتی وێنەیی پارە ( VIRTUAL money) بسەپێنێت بەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵ دا و زۆرداری و نێرەکەری پارەداری ئۆرستۆکراتی بسەپێنێت بەسەر  هەموو بوارەکانی ژیاندا. مەبەستەکە ئەوەیە، بە تێهەڵکێش لەگەڵ گەورەتریین شانۆگەری زیندوو لە مێژوودا، کە پەیوەندیەکانی مرۆڤ بە شیوەیەکی گشتی ڕیبسێت( تەرتیب) کەنەوە، بۆ ئەویە کە هەموو مرۆڤایەتی دەستەمۆ بکەن،  بۆ ئەوەیە کە بە بانکایەتی کردن دەست بەسەر هەموو بوارەکانی پەیوەندیەکانی"مرۆڤ" دا بگرێت و بەزۆر پارە بکەنە ئامراز یان ناوەندی هەموو شتێک. دوپاتکرنەوە و  گشتی کردنەوەی سەرکوتکردن لەسەر ئاستی گێتی  بەشێکی سەرەکین لەم ڕاهێنانەی دەسەڵاتداریەتی، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو **فەرمانڕەواییە نوێیەی جیهان بسەپێنن کە ئۆریستۆکراتەکان ئەیانەوێت**.



Madama, a military outpost close to the border between Niger and Libya [Courtesy: IOM Niger]

ڤایرۆس نیە کە  وای کردووە  باری ژیانی پرۆلیتاریا یی جیهانی تا بێت خراپتر ببێت، بەڵکو  سەرکوتکردنە، بڵاوکردنەوەی تۆقاندنە، تیرۆری دەوڵەتە، تاساندن ، دابڕین، زاڵکردنی پارە( bancarization) و قەدەغەکردنی هەموو پەیوەندی و بەیەک گەیشتنە ڕاستەوخۆ و جەستەییەکانی مرۆڤن .
ئەوەی کە زۆر جێی دڵ تەنگیە ئەوەیە کە سەرمایە بارودۆخە بۆگەنەکان ، بە تۆقاندنی ڤایرۆسەکەشە وە،  ئەسەپێنێت لە شارەکاندا، لە لادێکاندا، لە و ناوچانەدا کە بەچڕی پرۆلیتاریای تیایە، لە ئۆردوگاکاندا، لە نەخۆشخانەکاندا، لە زیندانەکاندا، لە نەخۆشخانە دەرونیەکاندا، لە کەمپەکاندا... و تەنانەت لەو ماڵانەشدا کە ساغ و ناساغ ترشێنراون بەسەر یەکدا!
ئەوەی کە درۆیە مەسەلەی ڤایرۆسە، ئەوەیە کە لەیەکتریەوە ئەیگریین، ژمارەو هێڵکێشەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهان( WHO) یە، پەتا بڵاو بوونەوەیە. ئەوەی کە ڕاستە، هەر لە سەرەتاوە، سیناریۆ **هەزەلە/تاڵە دڵ تەزێنەکەیە**، ئەو **شاڵاو و ئابڵوقەدانە ڕاستەقینەیەیە** کە برسێتی خولقاندووە و سادەترینی پێداویستی نەهێشتووە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئیفلیج بوونی بەرهەمهێنانی جیهانی لە پشتی پەردەوە (in the shadows) بڕیاری لەسەر دراوە، لەلایەن ئۆرۆستۆکراتە پارەدارەکانی جیهان( the world financial aristocracy)، کە گسک  دانە لە دانیشتوانی گێتی. لە ڕێی هەڵبەستن وشاڵاوگەری  **درۆ** زەبەلاحەکەیانەوە،  **هانی قەسابخانەیەکی جیهانی ڕاستەقینە** ئەدەن و  ئەیانەوێت کە ئەو فەرمانڕەواییە جیهانی یە نوێ یە  بسەپێنن ، کە فەرمانڕەوایان چەند وەختە چەنەی لە سەر ئەدەن.




sprayed with disinfectant in India

بۆ ئەوان ئەمە **گسکلیدان و پاکسازیکردنی** (نەک تەنیا  ئەم یان ئەو ڕەچەڵەک) بەڵکو هەموو  خەڵکە بەگشتی(**جینۆساید!**)، گسکلێدانە لە ئیشە نەویستەکان، لە خەڵقی داماوی  سەرجادەکان،  لە ژیانی فەقیرەکان و  لەو  بەشە لەوان کە لە ڕووی بەرهەم هێنانەوە "بێ کەلک "بوون ! .  بۆ ئەوان ئەمە ئەزمە نی یە، بەڵکو **چارەسەرەی** ئەزمەیە، ڕامالینی "فەقیر و داماوەکان"ە، پۆخڵە و ئەوانەی کە لە "داڵغە"دان، پاکردنەوەی بەشە ئابووریە ناڕەسمیەکانە، ئەوانەی کە تایبەتن،بەشی بەرهەم هێنانی بەڕێوەبردنی خۆییی کە لە قەڕاغەوە خەریکن، ئەوانەی کە بەرهەم هێنەر نیین، نەهێشتنی ڕەش و ڕووتە... بە تووند و تیژ و دیسپۆتییڤی  دامەزراندنی فەرمانڕەوایی جیهانی نوێ یە.



Hunger will kill us before coronavirus' ئەڵێن: برسێتی پێش کرۆنا ئەمان کوژێت

ئەوە درۆیە کە ئەوەی ئەمان کوژێت ڤایرۆسە، هەر وەکو چۆن لە بەناو پاندامیکەکانی ( بڵاوبەنەوەی جیهانی نەخۆشی) پێشووشدا ( سەرەتان، ئیبۆلا، ئینفلۆنزای A ی 2009، زیکا ڤایرۆس، HIV...) هەر وابووە. ئەوەی کە ئەمان کوژێت سەرمایەداریە: بارو دۆخی ژیانە لە ژێر قامچی سەرمایەی پارەدا( financial capital)، لە هەوایپیس و ئاوی ژاراوی دا، لە تێکدانی زەوی دا، لە گژ و گیاو ئاژەڵی تووش بوو بە نەخۆشیدا، لە خواردنی بۆگەن، لە داو و دەرمان کە دەرخواردمان ئەدرێت بۆ قازانجی کۆمپانیای کیمیاویی داو دەرمان بەرهەم هێنان، تێکدانی سیستەممی بەرگریمان لە ڕێی لێشاوی کوتانەوە، ژاراوی بوون بە هۆی تەوژمی موگنا تیسی و ڕادیشنەوە، the confinement، خانووبەرەی بێ ژیان، باڵکێشانی مامەڵەی بانق و پارە بەسەر هەموو ژیاندا، تەنیایی و داپڕان، نەبوونی خۆشەویستی و سۆز، تێکەڵ نەبوون و ترس لە دراوسییەتی، هاووڵاتێتی ، ژاراوی دیمۆکراسیەت، لەناوبردن، پارلەمان تاریزم، هێزی یاسا... هێلەکانی "کۆمەڵایەتی" بوونەوە، تەلەفیزیۆن، بڵاوکردنەوەی دوو دڵی و شڵەژان لە لایەن هێڵەکانی مبایڵەوە، هەواڵ و دەنگ و باسە هەڵبەستراوەکان ئەمانە هەموویان کۆئەبنەوە و قفڵ ئەبن لە بوونە مرۆییەکاندا و لە یەکە بەیەکەی تاکەکاندا ( atomized individual).. بەگشتی زۆرداری فەرمانڕەوایانی پارە یە دژ بە ژیانی مرۆڤ و دژ بەو بەرهەم هێنانە ماددیەی کە زامنی ئەو ژیانە ئەکات.

زەلیلی لە ئەفغانستان








**Our house has become like a zoo**, **People stop to take pictures when they pass** by.
Our neighbours tell us to go inside even when we step out into our balcony for a minute.
ئەوە ڤایرۆس نی یە کە بۆ تە هۆی پەتایی زەلیلی،داماوی و  سەرکوتکردن، چەوساندنەوە و داپڵۆسیین. بابەتی ڕاستەقینەی  هەموو  ئەم **تراجیدیایە حکومەتی ئۆلیگارکی جیهانی** یە: یانەی بیلدیربیرگس، خاوەن بانکەکان، سەرکردایەتی هەموو ڕێکخراوە جیهانیەکان( نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، IMF ، فیدراڵ ڕیسێرڤ، بانکی مەرکەزی ئەوروپا، بانکی مەرکەزی چیین...) و بانکی نێو دەوڵەتییە.
 پەتایەکی وا لە ئارادانی یە کە زیاتر لە هەڵامەت خەڵکی بکوژێت، هەڵامەت زۆرجار کۆتاییی بە ژیانی مرۆڤەکان دێنێت(  بەڵام  لە ڕاستیدا هەتا ئەم کەسانەش تیا ئەچن بەهۆی تێکچوونی سیسیتەمی بەرگریانەوە لەڕێی ئەو ژیانە  بێتامەوە کە سەرمایە سەپاندوویەتی بەسەرماندا!)بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە سەرمایە پیویستی بەوەیە کە قازانجی  زیاتر، چەوساندنەوەی جیهانی زیاتر بسەپێنێت، و  زیاتر بمان دا بەدەست پارەی دیجیتەڵەوە.

 ئەمەش بەهۆی بارودۆخەوە نەهاتۆتە ئاراوە  ، بەڵکو جێبەجێکردنی بڕیاری ئۆلیگارکی جیهانی  فەرمان ڕەوایە. هەروەها بۆ بەرپەرچدانەوە بەڕووی هاتنە سەر شەقامەکانی پڕۆلیتاریا ئەوە پێویست ئەکات کەهەموو ئامێرەکانی دەوڵەتی جیهانی زیاتر زۆرداری و تیرۆر و دەسەڵاتی بەزەبرو زەنگ بسەپێنن..  ئەمەش تادێت زیاتر تێهەڵکێش ئەبێت  لەگەڵ هەموو پلان و بەرنامەکانی دامەزراو و دەزگا حکوییەکان و لەپشتەوە ئەبێتە هاندەری ئاشکرا و نهێنی درێژخایانی   دابینکردن و پاراستنی قازانجی سەرمایەی جیهانی، بۆ پارێزگاری کردنی گۆی زەوی بۆ  توێژی هەرە سەرەوەی کەمایەتی  فەرمان ڕەوا  و لەناوبردنی دانیشتوان و لە دەر ئەنجامیشدا نەهێشتنی بەرهەمهێنانی ئەو شتانەی کە پێویستن بۆ ژیانی مرۆڤ.
**حەقیقەتی دەوڵەت هەمیشە هەر وەکو خۆیەتی**: سەرکوتکردنی ژیانی مرۆڤ، و ڕێگرتن بەوەی کە خەڵقکان خۆیان  ژیانیان و بەرهەم هێنانی ئەوەی کە بۆ ژیانیان پێویستە ڕێک بخەن.  **بەم مانایە ئەم هێرشە تازەیەش دەربڕینێک و نیشاندانێکی تری جیابوونەوە مێژووییەکەی بوونی مرۆڤە لە وەسیلەکانی ژیان.  بەڵام هەر وەها بەرپەرچدانەوەیەکی سەرمایەیی جیهانی یە دژ بە خەباتە مەزنە ئینتەرناسیولیستیەکەی  2019**  دە و لە

**هەمان کاتدا جارێکی تر  توووند تر کردنەوەی بوورغووی زۆرداری پارەدار و بانک و دەوڵەتە دژ بە هەموو ژیانی مرۆڤ و بە  بەرهەمهێنانی هەموو ئەو شتانەی کە پێوستن بۆ ژیان.**




protest against the poverty-  UK

 مەبەست لە سەپاندنی دەست بەجێی گرتنەوەی ژیانی ئابووری  و بەرهەم هێنانی ماددی و  ئینجا عەسکەرتاریەت کردنی  ژیان بە بڕیاری زۆرداران  ئەوەیە کە زیاتر مرۆڤەکان بێ بەش بکەن لە ژیان و لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی پێویستیەکانی ژیانیان. هەروەها زیاتر کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی  و زیادکردنی گرنگی  ڕێژەی یان نیسبییەتی دارایە :  گوێزانەوەی بەردەوام زیادبوونی بەشی زیادەی بەرهەم هێنانی پیشەسازیە بۆ زێدەبایی بەدەست هات لە ڕێی زەریبەکانیبانق و حکومەتەوە  .

**بەڵێ ئێمە لە جەنگداین ! بەڵام جەنگی مرۆڤایەتی نا دژ بە ڤایرۆس، بەڵکو دژ بە سەرمایە و دەوڵەت، دژ بە ئۆلیگارکی بانکی جیهانی ، کە لە گەڵ داهێنانی پەتا و ڤایرۆس دا، جەنگێکی بەرفراوانی کراوەی ڕاگەیاندووە دژ بە ڕەگەزی مرۆڤ!**

لە 2008-2010 وە ، لە گەڵ و لەڕێی دان و کەڵەکەکردنی بێ شوماری  قەرز (دیبت) و پارەی فیات( بێ بەها، تەزووير..) لە لایەن بانکی مەرکەزی گۆی زەوی یەوە، دیکتاتۆریەتی سەرمایە بەسەر ژیاندا، دژ بە کۆی ژیانی مرۆڤ( لەر ڕاستیدا دژ بە هەموو بوونە زیندووەکانی سەر گۆی زەوی)،بە زەبرو زەنگێکی دڕندانە سەپێنراوە.

**بەڵێ ئێمە لە ئەزمەدایین! بەڵام ئەزمەیبرسێتی و داماوی و تەنهاش بۆ مرۆڤایەتی . بە نیسبەت سەرمایەیی دارایی جیهانییەوە ئەمە ڕیسیت ( دەستپێکردنەوە، تەرتیبکردنەوە)کردنێکی بەر بڵاوە و ئەچێت بەرەو ئەوەی کە هەموو ژیان تەسلیم  بە زۆرداریەکی مطلق بێت، بە زۆرداری هەمەلایەنەو بێ ئەملا و ئەولای پارەی دیجیتەڵ( پارەی ژمارە، وێنە...)، کە دەوڵەمەنەکانی جیهان لە چاو تروکاندنێکدا  بەرهەمی دێنن بە پێی ووست و  زەوقیان !**



Jordanian troops have been posted in Amman to enforce the government-imposed curfew [Al Jazeera 10/04]




Soldiers work to ... in Taipei's Xindian district [File: Sam چەکی کیمیاوی سەرمایە Yeh/AFP]

A total of 81% of the global workforce of 3.3 billion people have had their workplace fully or partly closed. "Workers and businesses are facing catastrophe, in both developed and developing economies," said ILO director general Guy Ryder.



March 30, several hundred Tunisians demonstrated in a working-class neighbourhood of Tunis against the lockdown and demanding the financial aid

hundreds of people marched in front of their local government offices in different parts of the Tunis , demanding an end to the lockdown and access to the financial aid the prime minister had pledged last month. A number of similar protests against the lockdown also erupted in late March.
"People came out spontaneously - hunger made them go protest," said Marwan Jelassi from his home in Cite Ettadhamen, a working-class neighbourhood in north Tunis. "They went to the local governor's office, but it was closed … all of them are people who lost their source of income." S .B on Al Jazeera 12/04/20




ئەستەمبوڵ یەکی ئایار In Turkey, several demonstrators were arrested as they marched towards Istanbul's symbolic Taksim Square to mark May Day in defiance of the government's coronavirus lockdown

Pandemic has helped Greek government, businesses and consumers to rapidly embrace online platforms. Hundreds of employees at Upstream, a mobile technology firm Veremis cofounded, have been working remotely for three weeks, communicating via Slack, Google Hangouts, Zoom and Microsoft Team.. **a very large chunk of the marketplace is now being educated by the crisis** and our less-tech savvy clients are adapting to doing business under lockdown. **A digital revolution happen virtually overnight**. ( the both of mobile technology firm Veremis Al Jazeera. 10/04/20)

BBC Middle East correspondent, Jerusalem : Israel's high-tech sector is working **with hospitals and the defence ministry to sample the voices of people who have tested positive - through a mobile app** - called Vocalis Health to see if these samples **show a "vocal fingerprint**" that would help detect the virus in others. Artificial intelligence will be used to analyse the samples. Another new app that has come online, called "The Shield" ("Hamagen" in Hebrew) can **instantly tell people if they have crossed paths with someone known to have contracted the coronavirus**. It was launched by the health ministry and takes location data from the user's phone to compare it to data on the known movements of confirmed cases in the two weeks before their diagnosis. If there is an overlap, the user is told and asked if they want to report their exposure. Israeli spyware firm pitches to be Covid-19 saviour Russia uses facial recognition to tackle Covid-19: As Russian cities go into lockdown to try to contain coronavirus, Moscow is using the latest technology to keep track of residents. City officials are using a giant network of tens of thousands of cameras - installed with facial recognition software - which they plan to couple with digital passes on people's mobile phones. It's prompted concern about whether such widespread surveillance will ever be rolled back. 04 Apr 2020

The UK's privacy watchdog has said the government can legally use personal data from people's mobile phones to track and monitor behaviour I.... It emerged last week that the government was in talks with UK mobile phone companies to potentially use anonymous location and usage data to create movement maps, with a 12- to 24-hour delay, to discover whether the public are abiding by lockdown rules. Governments such as China, South Korea, Hong Kong and Israel have gone much further, with active surveillance measures including the use of personal data and making infected people download a smartphone app to reveal their movements and contacts. Other countries with versions of tracking apps include Spain, Romania, Slovakia and Poland

Pandemic proves **there is only one world reserve currency** : **The Dollar** . The mighty dollar shows **reserve currency dominance**. Now investors are rushing to safety. The 11-year bull run in US stock markets is over. And there is one safe haven everyone is banking on and it is not gold. It is **the dollar**. 28 Mar 2020 14:34 GMT

مانەوە و بەردەوامی سەرمایە خۆی داخوازی ( دەستبەجێی) گشتی کردنەوەی سەروەری دارای و بانکی ( دیسپۆتیزمی بانکۆکرەسی) دەکات دژ بەشێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەی جیهانی ، داوای تێکشکاندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و تێکشکاندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان دەکات، مومارەسەی سەروەری و زاڵی زەقی خۆی دەکات بەبێ بەزەییانە دژ بەهەموو ڕەگەزە زیندووەکان و جینۆسایدکردنی بەشێکی بەرینی مرۆڤایەتیش لەگەڵیا. لە دوورییەنەی پلانە داڕێژراوەکانی سەروەرەکانی جیهاندا، چەقەی ئەوەیان دێت کە ئەم جیهانە تەنیا

جێگەی لەسەدا پێنجی دانیشتوانی گۆی زەوی هەیە، ئەمەش بەپێی پێداگرتنی پرۆژەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان خۆی، ، تا ئەو ڕادەییی کە هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی چەوساندنەوە و بەردەوام بەرزکردنەوەی ڕێژەی قازانج بەدەست دێت بە هەمان ئەو ڕێژەیەی کە بەرهەمهێنانی ماددی لە ئیش ئەخرێت، پلانی نەخشکاری ئەوەی کە ئابووری بەرەو کوێ ئەجێت داڕێژراوە: تا دێت خستنە بازاڕی بەرهەمهێنانی جیهانی زیاتر و زیاتر پارەی تەزوویر لە خۆی ئەگرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی کە بانکدارەکانی (بانکۆکراسی) جیهانی بتوانن بەردەوام بن لە دەوڵەمەند کردنی خۆیان بە لەناووبردنی بەرهەمهێنانی بوونە مرۆییەکان... زاڵمی بانکیی و دارایی مانای ئەوەیەکە، لەم قۆناغە تۆقێنەرەی سەرمایەی جیهانی دا، بەردەوامن لە بەرهەم هێنانی پارەی خۆڕایی و قازانج بۆ سەرمایەدارەکان، لە کاتێکدا کە ئەو بوارانەی بەرهەم هێنان تێکدەشکێنن کە پێویستن بۆ ژیانی مرۆڤ، وە بە ئەنقەستیش ئەیانەوێت کە ئەو بەشەی بوونی مرۆڤ کە لە زیادبوونی بەردەوامدایە لەناوبەرن. بەم مانایە، ئیفلیچ پێ هێنانی هێزە بەرهەم هێنەورەکان، بە بیانووی بوونی پەتاوە، تەنیا خزمەت بە ئۆلیگارکی دارایی (بانکی) ( و هەموو پێکهاتەکانی لە دەوڵەتی جیهانی دا) دەگەیەنێت، کە ئەمە لە لایەکی ترەوە پەیڕەو ئەکرێت لە ڕووی نیسبەوە لە لایەن هەموو ئەو بەشانەی بەرهەم هێنانەوە کە بۆ ئەوەی بکەونەوە گەڕ ئەبێت قبووڵی بارودۆخیکی وای قەرزکردن بکەن کە لە جاران خراپترە: لە کاتێکدا کە ئۆلیگارکیەکان پارەی بە لێشا و خۆڕایی و ( هەتا بە فایدە لە ژێر سفریشەوە!) وەردەگرن، بەشەکانی بەرهەم هێنان ئەبێت خەریکی فایدەی بەرزدان بن( هەتا بەرزتریش لە ڕێژەی ئاستی جیهانی فاییدە) بۆ ئەوەی بتوانن پارەی کولفەی بەرهەم هێنانی ماددی بەن، ئەمەش زاڵمی سەرمایەی بانکی ئەگەیەنێتە دوا ڕادەی تەعبیر لە خۆ کردنی.

Thu 19th March : The Bank made the decision at a special meeting of the monetary policy committee on Thursday. It will also buy an additional £200bn of UK government and corporate bonds. The European Central Bank (ECB) launched new bond purchases worth 750 billion euros ($820bn) at an emergency meeting late on Wednesday in a bid to stop a pandemic-induced financial rout shredding the eurozone's economy and renew concerns about the bloc's viability .. The European Central Bank (ECB) launched new bond purchases worth 750 billion euros ($820bn) at an emergency meeting late on Wednesday in a bid to stop a pandemic-induced financial rout shredding the eurozone's economy and renew concerns about the bloc's viability

BBC 09/04/ : The economic fallout from coronavirus could increase global poverty by up **to half a billion** ...**The economic crisis is potentially going to be even more severe than the health crisis** ..**By the time the pandemic is over half of the world's population of 7.8 billion people could be living in poverty**. **About 40% of the new poor could be concentrated in East Asia and the Pacific**, **with about one third in both Sub-Saharan Africa and South Asia ( Oxfam Report)**.

BBC 06 Apr 2020 **Quarantined Italian village turned into human laboratory**
Last week, the village of Nerola in Italy was suddenly declared a red zone.. It’s been sealed off by the army, and everyone who lives there put into quarantine. Now medical researchers are testing the entire population, in the hope they learn more about the virus. *Film by Jean*

ئەوان نەیان ئەتوانی  دەستێکی وا گەورە لە بەرهەم هێنان، لە بازرگانی، لە چالاکیە پیشەییەکانی بەشە کۆمەڵایەتیەکان بوەشێنن( قوربانی نەک هەر بە ئیشە جۆراو جۆرەکان بەن ، بەڵکو هەروەها بە بەشە بچووک و مامناوەندیە بۆرجوازیە کانیش)، ئەگەر فۆڕمی کەڵەکە بوونی سەرمایەکەیان ئەوەندە  تۆکمە نەبوایە بە بەرهەم هێنانی قەرزێک وا بێ شومار،  بە کەڕەنسیەکی( جۆرەکانی پارە) وا زۆر کە تا دێت زیاتر هەموو چالاکیە ئابووریەکان ئەخاتە بەردەم  زۆرداری ( قامچی) پارە و بانکەکان. ئەو قەرزانەی کە دراون  بە شێوەی  تەزوویری کۆڕەنسیە( پارە) بەهیزەکان ( دۆلار، یۆرۆ، یەن، ستەرلین..) تەواوی دانیشتوانی ئەو وولاتانەی کە قەرزیان کردووە (لوبنان، یۆنان، عێراق....) گیرۆدەی زۆرداری جیهانیی
ئەو کۆڕەنسیانە ئەکات ( دۆلار، یۆرۆ....) کە بانکە مەرکەزی و بانکە بازرگانیەکانی سەرتاپای جیهان  هیچ نیین جگە لە ناوەندێکی سادەی  مامەڵەکردنی زێدەبایی بەگوێرەی  ڕۆڵی مامناوەندی کردنەکەیان . ا
ئێمە بڕوامان وا نی یە کە ئەو دیاردە  گەورەیەی کە لە  2020دا  هاتۆتە ئاراوە  هێرشێکی کیمیاوی بێت، کە پلانی بۆ دانرابێت و ڕێکخرابێت لە لایەن ئۆرۆستۆکراتی پارەیار ، و لەلایەن  دەوڵەتاکان و سوپای زل هێزەکانەوە( گەرچی ئێمە نکۆڵیش لە وە ناکەیین کە گشتی کردنەوەی جینۆ سایید، یەکێکە لە پرۆژە سەرەکیەکانی هەموو هیزە جیهانیەکان)، بەڵکو ئەڵێین کە شانۆگەریەک و ئایدیۆلجیایەکی تیرۆریستانەیە بە هۆنراوە و چیرۆکی پەتاوە(پاندامیک).
ئەوشتەی کە ئەوپەڕی نا مرۆڤانەیە و ئەمڕۆ سەرمایە ئەیکات ئەوەیە کە کەوتۆتە  تێکشکاندنی هەموو بوونێیکی کۆمەڵی مرۆییی، دابڕین و بەزۆر زەلیلڵ کردن و  ڕیسواکردنی مرۆڤایەتی،  سەپاندنی تیرۆریزمی یەکە بە یەکە، قەدەغەکردنی پەیوەندی نزیکبوونەوەی جەستەییی لە نێوان مرۆ ڤەکاندا( زۆر زیاتر لەوەی کە لەوە و بەر  لە ڕێی شاڵاوی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانی  تری وەکو سەرەتان و ئایدز و ئیبۆلاو ... کردویانە  کە بووە هۆی داهێنان و سەپاندنی  کیسە و  سەرقاپی پلاستیکی بەسەر هەموو پەیوەندیەکی بەیەکگەیشتنی جەستەییدا)، تۆقاندن، دابڕیین، شاڵاوە جۆراو جۆرەکان، عەسکەرتاریەت...
**شاڵاوی سیناروێی جیهانی "دژ بە کۆرۆنا ڤایرۆس"  بریتیە لە بەردەوامی دان و پێداگرتنی دیکتاتۆریەتی بەها(سەرمایە) بەسەر بەها بەسوودە ( زیندو، بەرهەم هێنەر،کارامە...)ەکانی ڕەگەزی مرۆڤ دا، سەروەێتی دارایی و مالی یە دژ بە پیویستیەکانی ژیان، پارەیە دژ بە شێوازی بەرهەم هێنانی شت و مەك...**
**دیکتاتۆریەتی ئەو بەهایە یە کە لەلایەن بانکە مەرکەزیە کا نە وە بە دۆلار، یۆرۆ، یەن، ئیستیرلینی.... بەر هەم دێنرێت دژی ژیان.**
گۆجو ئیفلیج کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری مانای لەناوبردنی بوونە زیندووەکان و شتوومەکەکانی ژیانن، تێکشکاندنی پەیوەندیەکانی مرۆڤ و هاوکاری مرۆڤەکانن ، تێکشکاندنی بەرهەم هێنانی مرۆڤ و دەستکەوتەکانیەتی،  ئەو شت و مەک و هێزانەی بەرهەم هێنان کە ووزەن بۆ مرۆڤایەتی ؛ هەر وەها داسەپاندنی درندانەیی زۆرداری دارایی و مالی ، بە زەبرو زەنگێکی وا کە هاوتایان نی یە لە ڕابردوودا. دوژمنەکانمان پێمان ئەڵێن کە  لە مەو دوا هیچ وەکو باری پێشووی خۆی نابێت، ڕاست ئەکەن، بارودۆخی ژیانمان و خەباتەکانمان بەرەوڕووی  زۆرداریەکی تۆتالیتاریانەی  زۆر سەختتر ئەبێتەوە.
**لە بواری ئابووریدا، مانەوەمان ئەکەوێتە بەر تەنگەبەرێکی زۆرەوە، هەموو شتەکان گرانتر ئەبن و ئەبێت زەریبەی زیاتریش بەیین، زیاتر بەین بە بانق و بە میری و بە دام و دەزگا...کان. بەرهەم هێنانەوەی سەرمایە زیاتر ڕووی کۆیلایەتی لە خۆدەگرێت، زیاتر مەرکەزی و زاڵمانە ئەبێت لەسەر ئاستی گۆی زەوی و هەموو شتێک زەریبە لە خۆ ئەگرێت و زەریبەکەش لە مەرکەزە ئیمپریالیستیە بانکی و ئۆلیگارکیەکاندا کۆ دەبێتەوە.**

**ئەگەر لە واقعدا لە ئارادا بوونی پەتاکە و ڤایرۆسەکە، گرتنەوەی لە یەکتریەوە، درۆشبێت ، و دەمامک و دەست شۆردن بە تەواوەتی ئاستێک بێت لە سەخافەت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شانۆگەریە جیهانیەکەی پەتاکە ( پاندامیک) ڕاست نی یە. بەڵگەی زۆر لە ئارادایە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی سۆبراس( باڵا)، واتە ئۆرۆستۆکراتیەتی جیهانی، دەمێکە خەریکی ئامادەکردنی ئەم ئیشەیە، و ئەم ئیشەش لە ئیشەکانی پێشوو تریەوە هاتووە و ئاستێکی ترە لەوان، دەمێکە دەزگاکانی ئاسایش و زانیاری ، سوپا، ڕاگەیاندن، زانکۆ تایبەتەکان، پارتە سیاسیەکان و ڕیکخراوە نەقابیەکان ئەم پلانەیان چنیوە و ڕاهێنانیان لەسەر هەموو ئەگەر و نەگەرەکانیان کردووە، سەر ئەنجامەکەشیان وەک دەستەمۆکردن و عەسکەر تاریەت و زاڵ بوونی گێتی هێناوەتە بەر چاو. بەڵگەی ئەوە زۆر لە ئارادایە کە چاک پلانەکایان ئامادەکردووە...**
**پەتا لە ئارادا نی یە و ئەگەر لە ئارادابوایە تا ئێستا هەمووومانیان ڕاکێشی کووتان کردبوو. بۆ کۆتاییی هاتنی شانۆگەری پەتاکەش ئەوان خۆیان پێمان ئەڵێن کەی تەواو ئەبێت ! و ئێمەش ئەبێت سوپاسیان بکەیین! . ئەوانیش کاتێک فەرمایشتەی ئەوە ئەدەن کە شانۆگەریەکە تەواو بوو کە توانیان چپی ئەلیکترۆنیکی کۆنترۆڵ کردن بچینن لە ناوەوەی هەموو یەکێک لە ئێمە دا ، ئەوان زۆر دەمێکە خەو بەم دەسکەوتەوە ئەبینن، لە مەملەکەتی ئاژەڵان و ڕووەکدا دەمێکە ئەم کۆنترۆلەیان بەدەست هێناوە و لە هەندێ لایەنەوە لە کەسانێکی زۆریشدا.. .**

**ئەو جیهانەی کە ئەوان ئەیانەوێت دوای پەتاکە بیسەپێنن بەسەرماندا هیچ مرۆڤایەتیەکی تیا نابێت، پەیوەندی ژیان و لەزەتی تیا نیە، بەتەنگەوە هاتنی یەکتری تیا نابێت، ئارەزووی تیا نی یە، لەسەر سفرەیەک نان خواردن و بەشکردنی خواردنی تیا نی یە، ژیانی کۆمۆنیتی نابێت.. نەزەوقی جینسی و نە ماچ و مووچ تیا نا بێت، بەڵکو ژیانێکی ووشک و بێ مانا لە ژیان و مرۆڤایەتی و پر بە پێستی بەها ئەبێت...ئەو جیهانە ئەبێت لە زاڵمی بەها کە تا سەر ناخمان زۆڵم و زۆری لێ ئەتکێت..**
**جیهانەکەیان هەرگیز جیهانی شیوەی بەرهەم هێنانی ماددی نابێت بۆ دابینکردنی پیویستیەکانی ژیانی مرۆڤ، بەڵکو جیهانی دیکتاتۆریەتی بەها ئەبێت، جیهانێک کە ئەوشتانەی بەرهەمی دێنێت هەرگیز هیچ نابێت جگە لە ئاوێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ کە لە ڕیگەیەوە بەها جیهان ئەکاتە کۆیلەی خۆی.**
**ڤایرۆس نامان کوژێت ، بەڵام زۆرداری با !**

**پەتاو تاعون بڵاوبوونەوە درۆیەکی هەڵبەستراوە لە لایەن جیهانی دارایی و بانقی یە وە، بۆ ئەوەی ئێمە سەر شۆڕی سەروەری بانک و پارەی ئەلیکترۆنیکی ( دیجیتەڵ )بکات! و بە کە یفی خۆیان بەردەوام بن لە قازانج کۆکردنەوە لە ڕێی سەرانە و زەریبە و سوغرە وە... !**
**دانیشتن لە ماڵەوە و تەسلیم بوون ئەمان گەیەنێت بە گەورەترین جینۆساید لە مێژووی مرۆڤ دا !**

ئێمە وای ئەبینین کە ئێستا سەردەمێکی گرنگە لە دەست بەکاربوون و ئەم بەیانەشمان، کە بە ناوی پرۆلیتاریا ئینتەرناسیونالیستیەکان، و هەروەها" پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕەکان"ە وە دەرکردوە لەم پێویستیەوە هاتووە. بۆیە داوا لە هەموو هاوڕێیان ئەکەیەن کە لەگەڵ ئەوەی کە ئەشێت ناکۆکیان هەبێت بەم یان بەو تێگەیشتن و دەربرینە لە م بەیانەدا، ئەوە نە بێتە ڕێگر لە وەی کە هەستن بە وەر گێڕان و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئەم بەیانە بەهەر شێوەیەک بۆ یان ئەکرێت.

**پرۆلیتاریا ئینتەرناسیونالیستیەکان**
**INTERNATIONALIST PROLETARIANS**

The real villains are at the heart of our economic and cultural life. They are *the dynastic families who own the Bank of England*, the US Federal Reserve and all central banks and associated cartels. They also control the World Bank and IMF and most of the world's Intelligence agencies.

The Bank of England was "nationalized" in 1946 but **the power to create money remained in the same hands**.

England is in fact a financial oligarchy run by the "Crown" which refers to the "City of London" not the Queen. The City of London is run by the Bank of England, **a private corporation**. The square-mile-large City is a sovereign state located in the heart of greater London. As the "Vatican of the financial world," the City is not subject to British law.

!كورتەی هەواڵەكان

Italy: Quarantined Italian village turned into human laboratory 06 Apr 2020 UK: Up to 3,000 armed forces reservists to aid military response to the coronavirus pandemic. Coronavirus will transform UK work and travel 3 Apr 2020 **Philippines**: **the president has ordered soldiers and the police to shoot anyone** who breaches lockdown orders. 02 April
The Chinese government has used tools such as phone tracking to control the outbreak. Other countries are starting to look at similar technological solutions .
02 April

# This is war

**It is a war of value against humanity**

## and this war is:

fundamentally against the **spontaneous nature of human being**, its social relationship , its energy , its being, its creativity and its conciseness.. that is why it is a war of value against humanity
it is against the social space, the material life , the structures ... which give a possibility of any spontaneous functions and rebellion of life and beings against capital

it is for **restructuring (** by fear, campaign, force, digital, military, media and global roles **…)** the social relationship, the economy, the social space , the way of life, the low of movements, and everything else , which are not yet **fully totalitarian** against this spontaneous nature of human being and its social existence …
it is a war of global reach, bourgeois class, against the poor and their survival forces..
it is also a central and totalitarian war on **weaker economy**, social functions, structures, education…in the direction of more and more control and domination. The weaker functions of economy, social, services, control ... have to **give away to the** more totalitarian force of value. The higher it go the more totalitarian it became. The lower it come the more brutal and forcefull it becomes. That is why the State on the planet took it is higher ground and the more important spaces, tools, needs , food, movements, way of functions, our own beings.. crashed to the ground and in the processing of wiping out in our life… They were taking away from us and their existences become more and more destine in real aspects , and more and more dominant in their digital copy, their fake version, their value form .. and are became more and more close to us .. the misery and inhumanity become more and more closer and the life becames more and more distance, alienation . It is a declaration of **total war in process against total life** ...

we can see this process in everyday life and also by a simple comparative between the force of global capital and the State control now in comparative with 2019 ? is it the State everywhere on the planet more stronger now or before the "pandemic"? More in control now or before? Is the power of money, religious , bank, institutions... and even the super markets! more stronger now or before?
The answer everywhere is the same! **Yes**, **yes many many more yeses** . And for the other side (our side) of the question, the side of crashing our human beings, life, movement, struggle , spreading global hanger... the answer is the same, even from the eyes and expressions of the children from shutting down their filed, playground and social space,s.
So if this is " a pandemic and a crises of capital " how is possible for the State, the power of money, the banks ,insurances and supermarket be stronger?! How the police and the army with a minimal force and with out even shotting are practicing maximum control every where ? The distance appearance of any State symbols ( police car, army petrol, writing roles, fence and

indications…) more then enough to do it is job ( like religious symbols for their believers ), control even with out active participations of the repressive force ..

no it is not “ a pandemic and a crises of capital “, but is quit the opposite , it is an extension, a deepening and a reinforcement of the power of money, the digital, the State over human beings, over social life…... **It is a war against us**! War of control, submission, elimination, tame, starvation and electronic tagging or collaring ( identification ) of human beings, so scanning their ID ( like number plate of the care, or dog and cat Collar …) , finding where they are, what are they doing with out they even now about it. Dose not need their participation or even knowledge .. they are absolutely in the mercy of the State, the institutions, the banks , the big tech and their boss … the global value is running its show! The owners of this value took their higher ground and watching their life show, identified strong and weak aspects of their battle, and demanding more and more force and interventions ….
They are in control and they are running the show… they want to see the process of starvation, submersion and domination in its full force ...

Down with their live Show and repression
down with financial and military war against the humanity
down with their power